Dr.Saleh Ebrahimi

# شیخی ئیشراق
# و
# سوڵتان صەلاحەدین ئەییوبی

هەرکەسێ فەرهەنگ و زانین بە دەس بێنێ
رەحمەت و بەرەکەت بە سەر خویدا دەبارێنی (شەپۆل)

نوسەر: محەمەد صالح ئیبراهیمی (شەپۆل)

Dr.Saleh Ebrahimi

لاپەرەی کتێب وەک شاپەرەکە ڕۆحی ئێمە
بۆلای نورو روناکی دەخاتە هەلفڕین: وێلتێر.

ناسنامەی کتێب :

**ناوی کتێب شێخی ئیشراق و سوڵتان صەلاحەدین ئەییوبی**


☐ ـ نوسەر: محەمەد صالح ئیبراهیمی (شەپۆل)

☐ ویرستار: ئازاد ئیبراهیمی.

☐ پیت‌چینی بەکامپیوتێر: مۆئەسەسەی نەقش چەلیپا خانم تاهیرە شامانیان

☐ ناشیر : نوسەر

☐ نوبەی چاپ: ئەوەڵ ١٣٨٣ ی هەتاوی و ٢٨ SC ٢٠٠۴ ـ ز .

☐ لیتوگرافی و چاپی: تەندیس نوقرەیی ـ نرخ ١٠٠٠ تمەن

☐ شابەک : ٦ ـ ۴٨٩٠ ـ ٠٦ ـ ٩٦۴ ISBN 964-06-4890-6

ژمارەی موحەویزی چاپ ٢٢١١٥ مێژوی ١٣٨٣/۴/٢٥


هەرکاتێ دەچمە پەرلانە خەفەتمە؛ کە تەمەن، چەن
کورتە، بۆکەڵک وەرگرتن لەو سفرە رەنگینە (شەپۆل).

ئەم کتێبە پێشکەشە بە ڕۆحی دایک و باوکم و هەروا
پێشکەشە بە ناصر و مستەفای کورم لە سوئێد و بە شایستە
و نەسرین و ئازاد و دایکی هەپێجیان (شەپۆل).

Dr.Saleh Ebrahimi



# سەرەتا

## بەناوی خوای بەخشەرو دلاوا

کوردستان ئەو بەهەشتە رەنگینە بەدرێژایی مێژوی ئیسلامەتی، وە لە هەر دەوارانێکدا، لە هەر چەشنە زانین و هونە رێکداکە باوی رۆژ بو بێ بەدەیان کوردی زاناو سەنگین و بیرورد و دەس رەنگین هونەرنومایی‌یان تێدا کردوەو ناویان دەر کردوە، تەنانەت زۆر لەو کوردە بە ناوودە نگانەی کە ناچار بون بە زمانی بێگانە، بنوسن و بێگانە کە لەسەر خۆی حیسابی کردون و ناوی کوردی لێ سریونەتەوە. یا بە فەرمودەی حاجی قادری کۆیێ (لە بەر بێ دەفتەری ون بون و فانی) بەلام ئەگەر (لە هەشتێک مشتێک) و لە (کۆشکێ خشتێکیش) ماوە هێشتا هەر زۆر دەوڵە مەندین. بە واتایێ‌تر سەرە رای ئەمانەش کە لە کورد داگیر کراون، هێمان لە سەر رو پەرەی مێژوی گەلە بێگانە کاندا هێندەمان کوردی دانا و زانا ماون کە خۆمانیان پێوە رابنێین و بە راشکاوی بە دنیا بڵێین ئێمەیش لە کاروانی ژیارو شارستانیەتی مرۆدا دەسە چیلەی خۆمان هێناوە. ـ بۆوێنە: ١ ـ لە صەحابەی پێغەمبەری ئیسلام زاتێکی وەک: جابان کوردی و ئەبو بەسیر ئیبنی جابان کوردی کە ئەبو بەسیر بن جابان کوردی بۆتە هۆکە ئەم مادە: (هەر کەس موسوڵمان بێ، دەبێ پێغەمبەر بیداتەوە دەس کافران) لە قەراردادی حودەیبیە. بەسودی ئیسلام هە ڵوەشێتەوە (بروانن پیتی ج الاصابە نوسراوی حافزکوری حەجەر عەسقەلانی، تەفسیری روحولمەعانی نوسراوی عەللامە شەهابەدین مەحمود، تەبەرانی، صەغیر و کەبیر، (بروانن پەند یا ئەمسالی قورئان لە باسی حەجی‌عەمرەدا نوسراوی شەپۆل، چاپی ١٣٦٢ پەرەی ١٥٤ تا ١١٩) ـ ٢ ـ لە زانایان کە کوری خەلدون (ابن خلدون) لەسەر زانایی و خزمەتی کوردان شایەدی داوە و نوسیویەتی: «... بنچینەی پێگەی زانین‌و ئەدەب چوارکتێبە، دوانیان کورد نوسیویەتی: ١ ـ ئەدەبولکاتب نوسراوی کوری قوتەیبەی دینەوەری کوردی لای کرماشان ـ ٢ ـ نەوادر نوسراوی ئەبو عەلێ ئیسماعیل قاڵی‌دیار بە کری کورد. «پەرەی ١١٧٥ مقدمەی ابن‌خلدون ج ٢» چاپی چوارەمی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی و ریسالەی تاریخی عولومی ئیسلامی نوسراوی دوکتور جەلال هومایی کە نوسەری ئەم دێرانە ئەم ریسالەی لە زانکۆی ئازادی ئیسلامی و (دانشکدەی قضایی و خدماتی ئیداری) لە تاران بە دەرس وت وەتەوە. ـ یا زانایەکی وەک ئەبوحەنیفە دینەوەری کە عیلمی (ریاضی): ریازی و گیاناسی هێناوەتە نیو فەرهەنگی ئیسلامی و ئەم فەرهەنگەی پێ غەنی کردوە و لەو زانستانەدا خاوەن بیرورا بووە و

Dr.Saleh Ebrahimi



کەشفیاتێکیشی لەزانینی شیمی داهەیە، عەبدوسەلام ماردینی عیلمی (ریاضی) و گیاناسی هێناوەتە نێو فەرهەنگی ئیسلامی و رۆژکارێکیش سەرۆکی زانینگەی قاهیرەی شاری میسر بووگە ـ ئیمام ئەورەحمان خازینی، کوری رەسولی زەکی سابلاغی ریازی زانانی ناودار، محیدینی خەلاتی کە لە دانانی رەسەد خانەی مەراغا هاریکاری خواجە نەسیری توسی کردوە ـ (قاضی القضاة علامه کمال‌الدین) هەو لێری کە بە (قدوة المحققین، سلطان الحکما) ناودارە کە لە عیلمی ریازیشدا هەرشە پۆلی داوە ـ (ابن الحاجب) شارە زوری دانەری (صرف و نحو و اصولی فقه) ئیسلامی، عوسمان ناودار بە کوری جنی‌دانەری (فقه‌اللغه)، ئەم زانا کوردانە تەنانەت (بین، سیلاب، لەت، سریچکا و مەقتەعی واژەیان لە زبانی عەرەبیدا دیاری کردوە ـ کە لە زمانی کوردیدا ئەگەر دو حرف و یەک بین بن ١ ـ چر، در، پر، بر، چو، مو، شو، تو، دو، تۆ، دۆ، هۆ، مس، کز، مژ، دژ، دش، مر ـ ٢ ـ سێ (حرف) بن، سێ پیتی وەک داو، راو، چاو، خاو. ـ ٣ ـ دو بین و چوار (حرف) بن وەک: باوک: (با + وک) ـ مامر: (ما + مر) ـ □ پێنج پیتی بن وەک: هاوار: (ها + وار). نەخۆش: (نە + خۆش). □ شەش پیتی وەک: هەنجیر: (هەن + جیر). و ... ٤ ـ سێ بین بن وەک: ئارەزو (ئا + رە + زو) ـ حەوت پیتی وەک: شارە زور (شا + رە + زور) ـ هەشت پیتی وەک هەورامان (هەو + را + مان). بڕواننە ـ کتێبی ژیناوەری زانایانی کورد لە جیهانی ئیسلامەتی دا چاپی ١٣٦٤ مەهارەت، تاران پەرەی ٦٥٩ تا ٦٥٢.

و ... یا زیائەدین کوری ئەسیر ناودار بە نوسەر کە لە ٥٥٨ لەدا یک بووە و لە ٦٢٧ی مانگی وەفاتی کردوە کە نوسراوەکەی ئەم زاتە سەبارەت بە فیردەوسی و شانامە، کۆنترین سەر چاوەی جێی بڕوایە بە عەرەبی و زۆر زانایانەو ورد شانامەی هەڵسنە نگاندوەو قسەی ئەم زانایە، لە نێو زانایانی ئیسلامی جێگای بڕوا و دڵ نیاییە. ـ دیارە دوبرای زاناو پڕ زانینی دیکەی بە ناوی (عێزەدین) خێوی مێژوی ئەلکامل و (عەللامە، مەجدەدین) کە کوری خەلەکانی کورد، لە کتێبێ وەفەیاتدا ستایشێ زۆری کردوە ـ یا زەینەدین ئامێدی کەخەتی بۆ نابینایان داناوە و شەش سەد ساڵ بەر لەلویس برایل ـ ی فەرانسەوی ئەو کارەی ئەنجام داوە یا (صدقی) زەهاوی ئەو شاعیرە فەیلە سوفە، کە لە ساڵی ١٣١٣ و رێکەوتی ١٩٣٤ی زاینی لەگەڵ (احمد حامد الصراف) دا لەجەژنی هەزارەی فیردەوسی بەشداری کردوە و لە سەرهەوای شانامەی فیردەوسی لە ئەشعارێکدا لە دارولفنونی تاران خوێندویەتەوە، ئەمەیش دوبەیت لەو شیعرانەی زەهاوی:

(به فردوسی از من سلامی برید    پس از عرض حرمت پیامی برید)

Dr.Saleh Ebrahimi



(کە ای شاعیر خفتە در زیر خاک　　　نهان از نظر دور از جان پاک)

کە موفتی زەهاوی باوکیشی تاوەفاتی کرد موفتی شەرع و دینی بەغا و ئەو دەوەرە بووە. یا شیخ شەر قاوی کە سەرۆکی زانکۆ و فێرانکۆی قاهیرەی میسر بووە ـ زانایانی شارەزورو هەڵەبجەی سوتاو هێرۆشیمای کوردستان و زانایانی دینەوەری لای کرماشان لەحیساب نایەن، ئەونە زۆرن. ئەوەیە ئیمام موحەمەد غەزالی فەرمویەتی: (فەرهەنگی ئیسلامەتی لەسەر چوارستون دانراوە، سێ لەوانە زانایانی شارە زور، ئامێدی دیار بەکرودینە وەرن کە کوردن ـ لە پاشان فەرمویەتی: ئەگەر خوا ئەو زانایانەی بەئیسلام نەدابا فەرهەنگی ئیسلامەتی ئاوا قەوام و دەوامی نەدە بوو). (خدماتی موتەقابیلی ئوستاد شهید موتەهەری) چاپی یەکەم و بەرکوڵی دیوانی مەلای جزیری چاپی سروش ـ تاران ساڵی ١٣٦١ بە قەڵەمی شاعیری ناودار هەژار رەحمەتی. ـ ٣ ـ لەفەیلە سوفان کەسانێ وەک شێخ شەهابەدین شیخی ئیشراق خێوی کتێبی فەلسەفەی ئیشراق ـ ۴ ـ لە خواناسان و عورەفاکەسانێ وەک: عەبدوڵلا رودباری، (تاج‌العارفین) ئەبولوەفای کورد کەلە ١٦ ی رەجەی ۴١٧ لە دایک بووە و لە ٢٠ ی رەبیعی یەکەم ۵٠١ وەفاتی کردوە کە حەکیم سەنایی لەپە سەندی ئەوزاتەدا وتویەتی: (قرنها باید کە تا پشت آدم نطفەی / بوالوفایی کُرد گردد یا شود ویسِ قرن) ـ کە چەندین خەلیفەی وک شیخ بەتو، جاگیرلو، شیخ ماجد کوردی و شیخ مەتەر بارزانی هەبووە (زریزەی زێرین چاپی هەولیر ١٩٩٩ ز ـ پەرەی ١٦١ تا ١۵١ ـ (قلائد الجواهر و بهجة الاسرار و شرح احوال) بابا تاهیر عوریان، بلاوکی ئاساری نیشتمانی تاران چاپی ١٣۵۴ . حەکیم سەنایی لە نێوە راستی سەدەی ۵٢۵ لە دایک بووە و لە ۵٩۵ ی مانگی وەفاتی کردوە ـ وە شەمسی مەغریبیش لە پەسەندی ئەبولوەفای کوردا فەرمویەتی:

(این کرد پریچهرە ندانم کە چە کردە است　　　کز جملە خوبان جهان گوی ببردە است)
(موسی کلیم است کە دارد، ید بیضا　　　عیسی است کزو زندە شود هرک بمرداست)

یا زاتیکێ وەک شیخ شەهابەدین سوهرەوەردی لە نەوەکانی ئامۆیە کە لە ساڵی ۵٣٩ لە دایک بووە و خێوی کتێبی عەوارفولمە عاریفە کە شێخی سەعدی شیرازی لە ستایشی‌دا فەرمویەتی:

(مقالات مردان ز مردی شنو　　　نە از سعدی از سهروردی شنو)
(مرا شیخ دانای مرشد شهاب　　　دو اندرز فرمود بر روی آب)
(یکی آنکە در نفس خودبین مباش　　　دگر آنکە در جمع بدبین مباش)

کە شیعری ئاخر بەراستی غەوغا دەکا وگشت عەیب و هۆی ناکۆکی نێوان مرۆ دەر

Dr.Saleh Ebrahimi



دەخا و دەڵێ: چارە بەدیهێنانی وەحدەت و برایەتی و بە رابەری و عەداڵەتە و ... لابردنی خودبینی و بەدبینی‌یە. یا زاتێکی وەک حیسامەدین چەڵەبی کە مەولانای رۆمی لە سەرەتای بەرگی ۲ ـ ۳ ـ ۴ ـ ۵ و ٦ ی مەسنەوەی‌دا تاریفی ئەوزاتە دەکا و فەرمویەتی:

(چون ضیاءالحق حسام‌الدین عنان　　بـاز گـردانـید ز اوج آسـمان)

(چون بمعراج حقایق رفته بود)

(ای ضیاء الحق حسام‌الدین تویی　　که گذشت از مه بنورت مثنوی)

(ای ضیاءالحق حسام‌الدین راد　　اوسـتادان، صـفارا اوسـتاد)

یا (تاج‌الدین) شنوێی کە بە (شیخ شیوخ الاسلام، سلطان المحققین، ملک‌الحکماء و الواعظین، سلطان المتکلمین، تاج‌الملّت والدین محمود بن خداداد اشنوی)، نێوبراوە و خێوی کتیبی (غایةالامکان فی‌درایة المکان) ە یا ئەبوعەلی رودباری کە بەجامیعی شەریعەت، تەریقەت و حەقیقەت نێوبراوە. ـ (کۆزانی فەرهەنگی زمانی کوردی چاپی دوەم ۲۰۰۱/۲/۳ ـ پەرەی ۱۰۹ تا ۱۱٦ جەڵدی سێوەم ـ چاپی ئەندیشە. تاران). واسیلی نیکتین لای وایە چەڵەبی واژەیەکی کوردی‌و بەواتای پاک، چاک و خودایە ـ (سُهروردی) لەزوانی عەرەبی و فارسیدا بەکار نابرێ و لەکوردی باکوری‌دا بەواتای سور = سرخ = احمر بەکار دەبرێ ـ وَرْدی ـ وەرد: بەرد (و) دەبێتە (ب) وە (ی) بۆ نیسبەتە. لە تەفسیر نوساندا ـ ئەبوسعود عیمادی کە تەفسیرێکی بە نێو (ارشاد العقل السلیم الی مزایا الکتاب الکریم) نوسیوەو پروتە ژی‌یەلە نوکتەی ورد و جوان کە نوسەری ئەم دیرانە بۆ تەرجمەی قورئان بەکوردی لەم تەفسیرەکە لکی وەرکرتووەو عیمادی لە ۸۴ ساڵی دا لە ۹۸۲ ی مانگی وەفاتی کردوە و مادامەلعومر موفتی دیاری عوسمانی بووە و سوڵتان بایەزید دوجار جایزەی بە تەفسیرەکەی داوە و زۆری رێزلە ئەبوسعود گرتووە. بۆ زۆر دور برۆین لەشاری سنەکەسانێ وەک ئایەتوللا مەردۆخ هەڵکەوتوە ـ خێوی فەرهەنگی کوردی، بە عەرەبی و فارسی لە ۲ جەڵدا ـ ئوستاد عەبدولحەمید بە دیعو زەمان، دور دانەی زەمان، یا (حاج شیخ محمد آیەالنبی) سنەیی کە لە ۱۲٦۲ لە دایک بووە و لە ۲۱ زیحەجەی ۱۳۵۱ی مانگی وەفاتی کردوە وکتیبی (گلشن معرفتِ) لە ٦ جەڵدا داناوە و خێوی ئەشعارێ بەزرە بەکوردی کە فەرمویەتی:

(یارەب مـن بـەندەی پـەسەندیدەی تۆم　　هەرچی هەم ئاخر ئافەریدەی تۆم و ...)

(دەس بـە کـارنیە، تـا دڵ بـە کـاربێ　　دڵ بێـدارنـیە، تـادۆس دیـار بێ)

یا ئەبولوەفا موعتەمەدی کوردستانی خێوی کتیبێ (اصول فقه و ارث در اسلام) یا (محی‌الدین) صەبری نەوەی (شیخ محمد نسیم) ـی نەوەرەی سنە، کەلە میسر توانیویەتی

Dr.Saleh Ebrahimi



لە چاپخانەی (کردستان العلمیە) قاهیرە کەهی (فرج‌الله) زەکی کورد بووە. بە یارمەتی (شیخ عبدالقادر) کوردی و (شیخ حسن) نەعیمی، کتێبی کوردی وەک عەقیدەی مەرزیە بەکوردی و بە فارسی لە ١٣٥٢ لە قاهیرە لە چاپبدا. یا زاتێ وەک (شیخ محمد) وەسیم ئەوەڵ تەختەوی مەردۆخی کە لە بابەت عـیلمی هـەیئەت و ئـوستورلاب، نـوسراوەی هەیەو مەنزومەی بەگۆرانی، ژیان نامەی پێغەمبەر (د ـ خ) بە زمانی کوردی دانـاوە، لە پەند و نەسحەت، بە زمانی کوردی، لە عیلمی حیساب وە قاعیدە و زاکۆنی ئـەوە، بـە زمانی کوردی، لە بابەت پێغەمبەرەوە، بە زمانی کوردی، لە بابەت نیۆی یارانی پێغەمبەر لە (بەدر) دا بە شیعری کوردی، لە بابەت ژمارەی سورەتی قورئانی مەکـی و مـەدەنی بەشیعری کوردی و مەنزومە یەک لەبابەت تەجوید بە زمانی کوردی. یا زاتێکی وەک (شیخ محمد) وەسیمی دوەم مەردۆخی سنەیی کە شێخی موهاجری برای شـەرحێکـی لەسەر کتێبی (تهذیب الکلام) نوسیوە، ئەویش لە سەر شەرحی براکەی کۆبە و پەراوێزی نوسیوەو لە قاهیرەی میسر چاپ بووە و ئەمە کتێبی خوێندنی مەلا و فەقێیانە لە بـابەت شێخ عەبدولقادر موهاجر کە لە ساڵی ١٢٧١ی مانگی لە هەرای (کاروانسەرا) لە شاری سنەو (دار الاحسان) هیجرەت دەکاو لەگەڵ شێخ نەسیمی برای دەچنە شاری سلێمانی، حەکیم مەولەوی کورد بەشێعر فەرمویەتی: پارچەی تە ءلیفات شێخ موهاجر ـ گرانـەن نییەن موشتەری و تاجر. یانی ئەو کتێبە عیلمیانەی کەشێـخی مـوهاجر دایـناون، ئـەونە پروتەژین لە نوکتەی وردی عیلمی بێجگە لە مەولەوی، زانایێ لە دەوەرا نەماوە، تا بتوانێ بەدەرس بە مەلا و فەقێیانی بڵێ. هەرواکتێبە دانراوەکانی شێخی موهاجری بە پارچەی عالی پرقیمەت شوبهاندوە کەنە بازرگانێ واهەیە بتوانێ بیان فرۆشێ یا بیان کرێ ـ بروانننە دیوانی مەولەوی کورد، پەرەی ١٢٠ چاپی وەزارەتی فەرهەنگ ـ بەغا ١٩٧٣ ـ ز.

یا (شیخ محمد سعید تختی) سنەیی کە مەلا و مـودەریسی فێـرگەی مـزگەوتی (دار الاحسانِ) سنە بووە و چوارکوری زانای وەک: (شیخ عبدالقادر موهاجر ـ شیخ محمد و سیم دوەم ـ شیخ محمد نسیم ـ شیخ محمد جسیم حجةالاسلام) بووە. یا زاتێکی وەک (شیخ محمد قسیم) کە وەک (شیخ محمد سعید تختی) برای خۆی مامۆسـتای دەرس بێژی فێرانکۆی مزگەوتی (دارالاحسانِ) سنە بووە ـ مەولانا خالد شارەزوری نوسخەی جامیعە و نوسخەی نابیغە زانینی حیکمەت و ریازی و هەیئەتی لا خوێندوە و ئیجازەی وەرگرتووە . ـ (بروانننە تاریخ مشاهیر کرد، عرفا، علما، ادبا و شعرا جلد اوّل تألیف بابا مەردوخ رۆحانی شیوا سروش تهران ١٣٦٤). (شەپۆل). *

**مێژونوسان دەڵێن:** کە لهور نەتەوەی گۆدەزی گیون، کە گیو لە زەمانی کەیانی بەسەر

Dr.Saleh Ebrahimi



بابول رادەگەیشت، کوڕی گیو، بەناوی رەهام یا (مامەرەهام) بەفەرمانی خونکار بەهەمەنی کەیانی هێرشی بردە سەرشام و ئۆر شەلیم و میسرو زەوتی کردن، کە ئەونەی جوسەربڕیوە کە ئاش بە خوێنیان گەراوە، بوختونەسر، نازناوی ئەو رەهام ـ ە کوردەیە ـ پەرەی ٢٨ و ٢٩ ی مێژوی ئەردەلان، لێکدانەوەو وەرگێرانی موحەقیق و شاعیری ناوداری کورد (عبدالرحمن شرفکندی: هەژار) چاپی ١٣٨١ و ٢٠٠٢ی تازەنگا.

**نەو رۆز:** دەم و کاتی وردبونەوە و پیا چونەوەیە، لە رابوردو، هەروا بەرنامەدانان بۆ دوا رۆژ، بە هیوام کە لە سالی تازەدا [٢٧٠٣ ـ ٢٠٠٣ ز ـ ١٣٨٢ و ١٤٢٤] ئەم شتانە کە دەینوسین لە ژیاندا بیگرنە بەرچاو. وە بەکاری بێنن لەژین و ژیانتاندا: ـ

١ ـ کات و ساتێ بۆ بە دیهێنانی خەونەکانتان، تایبەت بکەن تاگیانتان بگاتە ئەستێرەکان.

٢ ـ دەم و چاخێ بۆکارکردن تەرخان بکەن، چونکا دەبێتە هۆیی سەرکەوتن و پێگەیشتن و پێشکەوتن.

٣ ـ چەن دەمێک بۆ بیرکردنەوە دابنێن چونکا بیرکردنەوە بناوان و سەر چاوەی وزەوهێزە.

٤ ـ دەم و ساتێ بۆکایەکردن دابنێن چونکا دەبێتە هۆیی هێزو جوان بوونەوە.

٥ ـ کات و ساتێ بۆ خوێندنەوە لە بەرچاو بگرن چونکا موتالاکردن سەرچاوەی عیلم و هونەرو زانینە.

٦ ـ دەمێ بۆ پێکەنین بگرن بەر چاو، چونکاکەندوکۆسب کەم رەنگ دەکا.

٧ ـ دەم و ساتێ بۆ ساغی و سلامەتی و بیهداشت تەرخان بکەن، چونکا لەش ساغی گەنجینەی ژیانە.

٨ ـ کات و ساتێ بۆ پارانەوە و عیبادەت کردن دابنێن، چونکا تەپو تۆزی ئەنبوژەنی و ماددی لە چروچاوتان دەسرێتەوە و لە خوا نیزیکتان دەکاتەوە.

٩ ـ دەم و کاتێ بۆرابواردن لەگەل دۆست و یاران، دیاری بکەن. چونکە دەبێتە هۆیی شادی و خۆشی.

١٠ ـ دەم و ساتێ بۆنیشان دانی خۆشەویستی لە بەر چاو، بگرن چونکا هۆیی لەزەت بردن لەژین و ژیان، پێک دێنێ. (فیلیپ همبرێت) وەرگێر بەزمانی شیرینی کوردی: دوکتور محەمەد صالح ئیبراهیمی (شەپۆل).

Dr.Saleh Ebrahimi



## لێکدانەوەیەک

### ئەزمونی عیرفانی

**ئەزمونی عیرفانی**، بۆ هەمو فەرهەنگەکانی گۆیی زەوی هەیەو شتێ گشتی‌یە، کە رژاوەتە قاڵبی جیاجیا، هەندێ لایان‌وایە عارف: کەسێکە، کەکەندو کۆسپی وجودیی هەیە، بەرتەسکیەکانی زەوی ئابلۆقەی‌دا وەو دەی‌گوشێ، لەم دنیایەدا خۆیی بە غەریب دەزانێ دەیەوێ ئازادبێ، ئەم ئەزمونە بۆ هێندو، بودایی، موسوڵمان، مەسیحی و خەڵکی دیکەیش هەبووە و هەیە.

لە عیرفانی ئیسلامیدا خوا بەرزوموتە عالی‌یە، خوای ئیبراهیمی لەعالەم و بەر لە عالەم بانترەو لە ولاترە، بەڵام خوای یۆنان کە مەسیحیەتیش لەو شوێنی وەرگرتووە، دێتە عالەمی بوون‌و ئینسان رزگار دەکا، لە عیرفانی ئیسلامیدا قسە لەگەڕان و بەرز بوونەوە، بۆلای خوا و توانەوە و یەکبون لەگەڵ خوا، دەکا، کەچی لە عیرفانی مەسیحی‌دا، توانەوەو یەکبون لەگەڵ خوا لە سەربنەرەتی عەشق و ئەوین و محەبەتە، وە یەکبونی جەوهەری رونادا.

عیرفانی کوڕی عەرەبی بە رافەکردنی خوێەتی و تەئویل روڵ و ئەخشێ گرینگی بۆ هەیە، باتنی مرۆ، نوسراو یا شیعرێکە، کوڕی عەرەبی بۆواتاکردنی ئایەتی قورئان دەس دەداتە تەئویل و ئەهلی تەئویلە. بە جورێکیش ئایەتی قورئان تەئویل دەکا، تالە تەک وەحدەتی و جودیی بیروڕای خوێی راست جور بێنەوە. ئەو لای وایە، بۆ دەس پێێ کردن و بە ردەوام بون لەسەر سلوکی ناسینی خوا و نێزیک بوونەوە لە خوا لە سەرەتاوە لە پلەی ئاژاڵی قەرار بگرین و بەگشت ئارەزوەکانەوەو ویستەکانەوەکزی و بێ توانایی و بە توانایی، کە بە ئاواتەکانمان ناسیاوبین و ئەم پلە بناسین، کەچی ئێمە ئاواتمان پوچاندوتەوە.

کوڕی عەرەبی لایەنە جیاجیاکانی ژیانی خستوتە، بەر سرنجدان، لەکتیبێ «فتوحات» فرەقسەی زیندوو پرمێشک و جیێ نیازی ئەمروی بەرەی مرۆڤی تێدایە.

کوڕی عەرەبی لە جیێ کە باسی بزوتنی ئینسان و سەرکەوتن لەکەوانەی بان، وە بە باندا هەڵگەڕان دەکا، لە سەر ناسینی کەرەستە و بەدەس هێنانی خوڕسک و خۆکردو هەروەهاکەڵک وەرگرتنی بەجیێو شیاو لە ئەشیا و لە تەبیعەت زۆر توند پیێ دادەگرێ.

Dr.Saleh Ebrahimi



دەبێ بزانین خوا ئافراندنی تایبەت بە هەر بوونەوەرێکی عەتاکردوە، جا ئەگەر مرۆبیەوێ ڕێی بەرز بوونەوەی خوێی بەرەو لای خوا ببڕێ دەبێ ما فی هەر بوونەوەرێک لە بەر چاوبگرێ، یانی جێگای ئەو بوونە وەرەوجێی ئەوشتە بناسێ و کەڵکی بە جێی‌و شیاو بەورد بوونەوە لە پێگە و جێگەی وجودیی: (بوونی) ئەو بوونەوە رو شتە، وەربگرێ.

کەندوکۆسپی ژینگەی ژیان بەو جۆرەی ئەمرۆ لێی ئاگادارین، لەم سۆنگەوە یەو ئاکامی ئەمەیەکەئێمە چلۆنایەتی، بەدیهاتنی (لایەی ئۆزۆن) وگرینگی وجودیی ئەوە، بە شیاوانە سەرنجمان نەداوەو لیێورد نەبووینە تەوەو هۆی نابودی ئەوەمان بەدەس خۆمان سازداوەو لەم نێوەدا مافی تەواوی ئاژاڵ، ماڵاتو ولّسات،گژوگیا وگوڵو تەنانەت مافی خۆمان و مافی دوا رۆژەکانیشمان خستۆتە پشتگوێی.

□ فەلسەفە دو جەرەیانی ئالیسم و ریئالیسم لە بنجینەو بنەرەتی بوون و زانستی پێوەنداری بەوە سازدەداو بەدی دەهێنێ دیارە ئەفلاتون و ئەرەستو دو نوێنەری ئەو دو جەرەیانەن لە مێژوی بیرو هزر و ئەندێشەدا و فێرگەی مەششائی و ئیشراقی کە بە تەرتیب بە هۆی کوری سینا بوعەلی و شیخ شیهابەدین سوهرەوەردی شێخی ئیشراق بنیات نراون، دیارە هیچ یەک لە فەیلەسوفانی مەششائی و ئیشراقی نوینەری مەحزری دوفێرگەری ناوبراونە بوون. بەڵکولە جێ‌جێی جیاواز بەکاروکردە ماتای شتەکەیان هەڵبژاردوە.

دیارە بزاوی خولاسەوگوشراوی فەلسەفی لەدنیای ئیسلامدا لە نێوان سەدەی نوهەم تا سیانزەی زایینی و دەورەی دوای ئەوە لەبێژینگ دراوە و ئیستیسنائاتێ لەودا. بە وجود هاتووە و بەجورەی ئاشکراکراوە مێژوی سەرهەڵدانی فەڵسە زیاتر لە ۲۰۰۰ ساڵە و لە بیروڕای زانایان و دین سەرچاوەی گرتووە و ئەقڵ لە فێرگەی مەششائی داکاریگەرو کارایە، بەڵام لە فێرگەی ئیشراقیدا پاکی دڵ و دەرون وزانستی شهود گرینگەو بوگەیشتن بەم زانینەش لەکثاناری ئەقڵدا گرینگی خۆی هەیە. (شێخی ئیشراق بە ئەسل بوونی ماهییەت، قاییلە، (ئەسالەتی ماهییەت، وجود، حەرەکەی جەو هەری یا عەدەمە تەعییر بە قسەی مەششائیان).

فەلسەفە روح و هزری مرۆکامڵ دەکا و مرۆ بەخواناسی نیزیک دەکاتە وە...

ئەوەی دیارە، ئەندیشەی ئیسلامی دوای دەورەی مەغول بە چوار لک دابەش‌بووە، لکی یەکەم بە هۆی کوڕی سینا، ئیمام محەمەد غەزالی و ئیمام فەخری‌رازی دەسی پێی

Dr.Saleh Ebrahimi



کراوە و لە زەمانی ئیجی توشی گۆڕیان بووە و تاپڕزانا تەفتازانی بەردەوام بو و لە ڕێگای ئیجی یەوە چووەتە نێو قەلەمرەوی تورکی عوسمانی، لکی دووەم بە هۆی کوڕی سینا، غەزالی، و نەسیرەدینی توسی دەسی پێیکراوە و ئەمە هەر ئەو لکەیە کە لە بەشەکانی خۆرهەلاتی دنیای ئیسلامدا بلاو بۆوە تەوە. لکی سێوەم لە کوڕی سینا، سوهرەوەردی تا شارەزوری و قوتبەدین شیرازی ئیدامەی پەیدا کردوە، هاوکات لەگەل ئەوسێ لکەدا لکێ دیکە بە هۆی کوڕی روشد، سەری هەلداوە، بەلام نەیتوانی بگاتە دوای دەورەی مەغول، ئەم لکە بەهۆی (ئاوروئیستەکان) بە وێنەی جیاجیا لە دنیای خوراوا خۆی نواند، لکی چوارەم کە بەهۆی کوڕی عەرەبی، سەدرەدین قونەوی و قوتبەدین شیرازی سەرەنجی دەدرا لە ئەسالەتی وجود بەرگیری دەکرد.

بیرورای حیکمەتی ئیلاهی کە لە ڕێگای کوڕی سینا، توسی، کوری عەرەبی و قوتبەدین شیرازی ئیدامەی پەیدا کردوە و بەدرێژای سالکزوبی رەواج ماوە، مروٚ بە درێژای مێژو بەدوای وەرگرتنی وەلامی دروست لەم چوار پرسیار و شتە گەراوە ـ ١ گەڕان بە دەوری وەحدەتدا لە عەینی کەسرەت، فێربونی گەڕانەوە و گۆڕانی بە ردەوام، ئیمکانی خاس و مەعاد، کە لە حیکمەتی هۆزی ماد و ئێران، یونان، چین، میسر و تەنانەت لە با بولیش بینراوە. دیارە خەلکی روژ هەلات پێویستە خۆی بناسێ تانەتاسێ، چونکا ئەگەر خەلکی روژهەلاتەکان میرات وکەلە پوری فەلسەفە و ناسەوەری: (عیرفان) و سوفیەتی خۆی‌یان نەناسن، قەت خویان ناناسن و بەتا سەوە چاویان بە مولەق دەوەستێ لام وایە ئەبێ ئەمرو فەلسەفە لە سەر بنچینەی زانینی نوێ بنیات بنرێتەوە، ئەمرو فەلسەفە لە کەناری مەسئەلەگەلێ وەک: بوون، زانین، واتای موجەرەد، یاواتاگەلێ هەروەکو فەرهەنگ و ئاداب و رسوم، ئاشتی، جیهانی بوون، دادگەری و واتاگەلێ هەروەکو مادە و.. سەروکاری هەیە. فەلسەفە، مێژوی فەلسەفە خوێی تاریخی عەقلانی و ئاوەزی‌یە، فەلسەفە زیهنو هزری مرو دەسازێ، دیارە، زوانیش بوسازدانی زیهنو مێشک بەکاروکارایە، ئیسلام فەلسەفەی نیە چونکا بە بروای موسولمانان ئیسلام لە وەحی یەوە سەرچاوەی گرتووە، کەوابێ ئیسلام فەلسەفەی نیە، فەلسەفە؛ هی ئاوەزی سەربە خوێی مرویە، فەلسەفە زیاد لە درو شتێ ترنیە و فەلسەفە جورێ رەوانناسی تایبەتەکەلەگەل نەخوشانی زیندو سەروکاریشی نیە، بەلکو لەگەل بیرەوەرانی دو هەزار سال تاریخ و بیرو رای رابوردوان سەروکاری هەیە، واژە وزاراوەی (فەلسەفەی ئیسلامی دروست نیە،

Dr.Saleh Ebrahimi



مەگەر بلێین؛ فەلسەفەی موسوڵمانان، نەک فەلسەفەی ئیسلامی، تازە ئەمیش لە فەلسەفەی یۆنان وەرگیراوە، یەکەم فەیلەسوفی موسوڵمانان (کند)ی یەکە لە رۆژگاری مەئمون خەلیفەی عەبباسی دەژیا مەئمون (بیت‌الحکمة‌ی) بۆ تەرجەمەی کتێبە فەلسەفی یەکانی یۆنانی بۆ عەرەبی، دانا بوو بەر لە مەئمون، فەلسەفە لە نێو موسولمانان برەوی نەبووە، ـ فارابی، کوڕی سینا و کوڕی روشد، بە شوێن وەرگرتن لە فەلسەفەی ئەفلاتون، ئەرستو و فلوتین بەرنامەی خویان دارشتووە، ئەوانەش کە لایان وایە فەلسەفەی ئیسلامی بە کوڕی روشد تەواو بووە، ئەوانە نازانن کە فەلسەفەی ئیسلامی، دوای کوڕی روشد بە هۆی شێخی ئیشراقە وە، لە سوهرەوەرد، پەرەی گرتووە و سەرکەوتووە، شێخی ئیشراق بنەرەت و ئەسالەتی هەموشتێک دەگێرێتەوە بۆلای (ما هییەت) و ماهییەتیش بە نور دادەنێ و دەڵێ: ماهییەت نورە، کەئێمە لەم باسەدا لە سەر (حکمةالاشراق) رونمان کردوتەوە (شەپۆل).

**نوکتە:**

لێکۆڵەران بۆ کەشف و دۆزینەوەی حەقیقەت و ماک و ئەسراری خیلقەت دو رێگایان گرتوتە بەرچاو:

١ ـ رێگاو رێبازی بەڵگە و بیرکردنەوە و بیردەربڕینە.

٢ ـ رێگای ریازەت و تەجریدی نەفسە: (خۆدارنین لە هەوا و هەوەسی نەوس).

پەیرەوانی رێبازی یەکەم لایان وایە: نیهایەتی‌زانین و کاروکردەوە، تەنیا لە رێگای بەڵگەی ئەقڵی بە دەس دێو بەس‌و ئەمانەش دو پۆلن: مەشائیان و موتەکەلیمان. حوکەمای مەشائی لایان وایە. لە رێگای بەڵگە و بیرکردنەوە، حەقیقەتی ئەشیا بەدەس دێ، جائەو بەڵگە و بەڵگانە موتابیقی شەرع بێ یاخەیر، چونکا باوەڕیان وایە هەرچی موتابیقی ئەقڵ بێ موتابیقی شەرعیشە، ـ فارابی و کوڕی سینا لایەنگری ئەم باوەرەن. بەلام موتەکەلیمین لەو بەشەی بەڵگەی ئەقڵی کەڵک وەر دەگرن کە موتابیقی شەرع بێ و سالاری ئەوانە لە تاقمی موعتەزیلە (واصل بن عطا) یەو لە دەستەی ئەشاعیرەیش (ئەبولحەسەن ئەشعەری) یەو پەیرەوانی رێبازی **دوەمیش** کە دۆزینەوەی حەقیقەت تەنیا بە ریازەت کێشان‌و پاک کردنەوەی دڵ و دەرون دا دەێنن، دو دەستەن: ئیشراقیان و دەستەی سوفیان.

Dr.Saleh Ebrahimi



حوکەمای فێرگەی ئیشراق کەسانێکن کە دۆزینەوەی نەزانراو (مەجهول) بە زیارەت کێشان دادەنێن و لایان وایە بە زیارەت کێشان مەجهول دە دۆزرێتەوە، جا ریازەتە کە موتابیقی دین بێ یانا، **شیخ شەهابەدین شێخی ئیشراق** و پەیرەوانی ئەوزاتە باوەریان بەم پیرو رایە هەیە.

بیرو باوەری سوفیانیش ئەمەیە کە سۆفی بەپاک کردنەوەی دڵ و دەرون موتابیقی ئایەتی قورئان و فەرمودە، پەی بە حەقیقەت دە بەن و سالاری ئەم ریبازەش کوری عەرەبی یەو لە نیوکوردیش یاسر بدلیسی و مەولانا خالد و غەوسی بەغا و ... یە.(١)

نیچە لە راستیدا لە بابەت هەرشتێکەوە، دو یا چەند بیروڕای دژ بەیەکی دەر بریوە، جاهەر لە بەر ئەوەیە هەرکەس بییەوێ لەنوسراوەی نیچە، شتی خوێی دەخوێنێتەوە. (شەپۆل). ٧ ژوئێنی ٢٠٠٤ ـ زو ١٣٨٢/٣/١٨ ی هەتاوی و ٢٥٠٧ کوردی.

**سوهرەوەرد Sohravard**: دێهستانێکە سەر بە قیداری شارستانی زەنگان و لە داوێنەی دۆڵ و شیوەڵی باشوری چیای قیدار، دایەو زیاتر لە ٢٥ ئاوایی گەورەو گچکە، سەربەوەکە پتر لە ١٢٠٠٠ دانیشتوی هەیە، لەبە را شاریٚ بچوک بووە، سوهرەوەردی مەنسوب بە سوهرەوەرد ـ ە، فەیلەسوف و زانایانی ئەوێ زۆرن، بۆوێنە شێخی ئیشراق، ـ ئەبو حەفص عومەر برازای ئەبو نەجیب عەبدولقاهیر سوهرەوەردی، خواناس و زانای بەناو بانگ (وەفات ٦٣٢ ی مانگی)، خێوی تەفسیری قورئان بەناوی [بغیة البیان، لە تەفسیری قورئان] ـ پەراوەی عەواریف مەعاریف [رشف النصائح]. [اعلام التقی و اعلام الهدی و ...] شێخی سەعدی شیرازی و کەماڵەدین ئیسماعیل ئیسفەهانی مریدی ئەزاتەبون.

دائرةالمعارف د. فرید وجدی ج ٥ پەرەی ٦٢ چاپی ٦ ئێروت ١٩٨٤ ـ ز ـ ئەلمونجید لە ئەعلام دا چاپی ٢٠ی حوزەیرانی ١٩٨٢ بێروت ـ زانایانی کورد بە قەڵەی (شەپۆل) ج ٦ کە ئامادەی چاپە، پەرەی ٠٢٨ ـ سوهرەوەردی شاحسێن وەلی؛ (پولی) دایکی بە نێوی فاتمەخاتون خوشکەزای شێخ صەفیەدین ئەردە و یڵی کوردی صەفەوی

١ ـ سەرچاوە: وتاری ئوستاد محەمەد سەعید ئیبراهیمی ـ مجموعه مقالات و ئەشعاری کۆنگرەی بوزورگداشتی حەکیم مەولەوی کورد، پەرەی ٢٢ لە کۆبەدا ـ سەقز خەزمانانی / ١٣٧١ی هەتاوی.

Dr.Saleh Ebrahimi



بووە، تەیمورە شەلەکە مریدی بووە (جیهان خاتونی) خوشکەزای خوێی لێ مارە کردوە ـ (وەفات ٨٨٢ ی مانگی دوای ١١٥ سال ژیان ـ عەللامە زەینەدین محەمەد سوهرەوەردی کوردی (وەفات ١٢٠ ی مانگی) ـ تاریخ، مەشاهیری کورد بابامەردۆخ رۆحانی شیوا ـ سروش چاپی ١٣٦٤ تاران پەرەی ١٢٩ ج ١ ـ کشف الظنون ئۆفسێتی تاران ١٣٨٧ ی مانگی ـ سوهرەوەردی ئەبو نەجیب زیائەدین عەبدولقاهیر بن عەبدوللاّ خواناسی گەورە و مریدی ئەحمەد غەزالی پەرەی ٨٣٠ تا ٨٣٢ د. محمد معین فرهنگ فارسی ئەعلام ج ٥ چاپی ١٣٦٢/٥ ی هەتاوی چاپخانەی سپهری تاران.

سوهرەوەرد: ئەللوباب نوسیویەتی شارێکە لە نێزیک زەنگان و دانیشتوانی هەموکوردن ـ ئەبولفیدا شازادەی ئەییوبی تقویم البلدان پەرەی ٤٨١ تەرجەمە بە فارسی ئایەتی عەبدولمحەمەد تاران ١٣٤٩ ی هەتاوی، کوری حەو قەلیش لە سەدەی چاردا باسی کردوە و نوسیویەتی زۆرینەی خەڵکی سوهرەوەرد، کوردن و شارێکی گەورە و قایم و موحکەمە و لە سەر رێگای هەمەدان و لە باشوری زەنگان دایە ـ لسترنج جوگرافیای تاریخی سەرزەمینەکانی خیلافەتی رۆژ هەڵاتی تەرجەمە بە فارسی، عیرفان: دوکتور مەحمود پەرەی ٢٤١ چاپی تاران ١٣٦٤ ی هەتاوی ـ لە [ئاثار البلاد و اخبار العباد] پەرەی ١٦٨ ج ١ سوهرەوەرد، بە شارێکی کوێستانی نێزیک زەنگان ناوبراوەو ئەلمونجید لە ئەعلامدا پەرەی ١٤ چاپی ١٢ بێروت خورەیرانی ١٩٨٢ ی زاینی نوسیویەتی هەمو دانیشتوانی سوهرەوەرد، لە سەدەی ١٠دا کورد بون و مەغول لە سەدەکانی ناقین‌دا بە هێرش کردنە سەرئەوێ، وێرانی کردوە ـ سوهرەوەرد، ئێستایش شارێکی کوردنشینە و ئاوەدانە و لە نێوان حەلەب و قیدار، لەسەر رێگای بیجار ـ زەنگان، دایە ـ هەروا شاروچکەی ماە نیشان Mah nesan و هەروا دەوروبەری هەموکوردن، خێلاّتی کوردی مافی، رەشوەند، باجەلاّن، کاکاوەند، کرمانی و جەلیلوەند، لەوێ دەژین، [کانی تەلا، سورب، زوخالّی بەرد، پەموێ نەسوزو خوێی هەیە]، دانە وێلە، گەنم، جۆ، برنج و تریێ دارە، کاردەسی قالێچە، بەرە و جاجم. ئەم ماەنیشانە لە خوراوی زەنجان و شیوەڵەی چەمی قزڵوەزان دایە ـ ماەنیشانێ دیکەیش هەیەکە لە داوێنەی کەناری قزڵوەزاندایە و ئاو وهەواکەی ساردە موعین ج ٦ پەرەی ١٨٩٤.

کوردستان ئەم بەهەشتە رەنگینە، بە درێژایی مێژو، زانایان، هۆزانان، بیرەوەران، فەیلەسوفان، سەرداران، بوێران، هەستیاران، نوسەران، قورئان‌زانان، وێژاوەران،

Dr.Saleh Ebrahimi



دڵسۆزانی کورد و کوردستانیانی گەورە، شیاو، لەکارزان و بەمشوریٚ زۆری لە باوەشی پڕسۆز و گەرمی خۆیدا پەروەردە کردوەو بە جیهانیانی ناساندوە کە هەر یەکە لەوانەلە رۆژگاری خۆیاندا و لە دواروٚژیشدا هەر نور و پڕشینگی عیلمیان دنیای داگرتووە. یەکیٚ لەو پڕزانایانە شیخ شیهابەدین سوهرەوەردی کوردە. سوهرەوەرد نیٚوی شاریٚکە لە نیٚوان هەمەدان، زەنجان، سجاس، دینوەروشیٚز سازدرابوو لەباری جوغرافیاییەوە بەشیٚ بەرفرەی گەروسی کە وتبوە بەر، سوهرەوەرد کە دوای هیٚرشی مەغول و لەنیٚوبردنی سوهرەورد لە سەدەی حەوتەمی مانگی ئیدی ئاوەدانی جارانی بەخۆوە نەدیوە، میٚژو دەنوسیٚ لە سەرەتای حوکومەتی قاجار بە دەستوری میرزا شەفیع سەدر ئەعزەمی فەتحعەلیشا سوهرەوەرد لە گەروس جیاکرایەوە و کرابە بەشیٚ لە قیداری زەنجان. ئەفزەلمولوک لە کتیٚبی ئەفزەل تەواریخدا هۆی ئەوەی وا نوسیوە: کە لە دەورەی فەتحعەلیشا وا باوبوو حوکومەتی هەر ویلایەتیٚ لۀ نیٚراندا دەدرا بە شازادەیەک لەو چاخەدا هەر یەکە لە کوڕانی شای قاجار خودانی حوکومەتیٚ بون، تەنیا شازادە دارا، نەبیٚ ویستیان بۆ ئەویش فکریٚ بکەنەوە. میرزا شەفیع وای بە باش زانی لە ٥ ویلایەت ٥ بلوک و ناحیە جیا بکریٚتەوە و بیکەنە یانەی حوکومەتی و شازادە دارای لەسەر دابنیٚن، جا هەر لەبەر ئەوە لە شاری قەزویٚن گەروس، ئازەربایجان و...٥ بلوکیٚکیان جیا کردەوە و بەخەمسە (٥ بلوک) ناو نریاوە، شازادە داراکریا بە حاکمی. ـ کوڕی حەوقەل دەنوسیٚ: سوهرەوەرد هەروەک شارەزور و هەر بەو پان و بەرینییەوە شاریٚ بووە پڕپیت و بەرەکەت و پڕلە میوە و دانەویٚڵە و... هەروا ئەبو دولف یەنبوعی ناودار بە ئیبن موهەلهەل شاعیر، جیهانگەر و نوسەری سەدەی چواری مانگی لەبابەت شیٚزەوە دەنوسیٚ: شیٚز شاریٚکە لە نیٚوان: مەراغە، زەنجان، سوهرەوەرد و دینەوەردایە، کە بە نەقل لە ئیستەخری کە دەڵیٚ: لە باکوری شاری هەمەدان ریٚگایەک لە شاری سوهرەوردەوە، دەچووە زەنجان، هەر چەندە ئەو ریٚگایە لە ریٚگاکانی دیکە، سەر راستتر بووە، بەلاّم لە مەترسی کوردەکان کە سوهرەوەردیان لە دەسا بو، ئەو ریٚگایە زۆر ئەمین نەبوو. شیٚخ شیهابەدین بن حەبەش، بن ئەمیرەک ناوردا بە شیهابەدین سوهرەوەردی کورد: شیٚخی ئیشراق لە ساڵی ٥٤٩ی مانگی لە سوهرەوەرد لەدایک بوو و بۆ ماوەیەک لە مەراغا لە فیٚرگەی مەجدەدین جیلی زانینەکانی خویٚندوە و لە ساڵی ٥٧٩ی مانگی چوٚتە حەلەب و خەریکی فیٚرکردنی زانینەکانی فەلسەفەی ئیشراق و لای مەلیک زاهیر کوڕی سوڵتان

Dr.Saleh Ebrahimi



سەلاحەدین ئەییوبی زۆر بەرێز و دارای قەدر و حورمەت بووە و فرەرێزی بۆ دانریاوە. فەلسەفەی ئەم فەیلەسوفە کوردە، بە حیکمەتی ئیشراق ناسراوە، زانایانێ وەک شارەزوری، قوتبەدین شیرازی، مولاسەدرا و حاجی مەلا هادی سەبزەواری، بیروڕای شێخی ئیشراقیان پەسەند کردوەو دەسیان کردوە بە رافە و تەفسیر و تەوزیحی ئەوە: شێخی ئیشراق ناسەوەر و خواناس و عارف بووە و فەرمویەتی: زۆربەی بیروڕا و ئەقیدەی من لە ڕێگای عیرفان و ریازەتەوە بەدەس هاتون، شێخی ئیشراق ماهییەت بە ئەسڵ دەزانێ و وجود و بەشتێ ئەقلی و ئیعتباری دائەنێ. ئەم چارینە فارسی یە هی ئەوە:

هان تا سر رشتەی خرد گم نکنی      خود را زبرای نیک و بد گم نکنی
رهرو تویی و راه تویی، منزل تو      هشدار که راه خود به خود گم نکنی

دوکتور شەفیعی کەدکەنی بە شیعر لە پەسەندی شێخی ئیشراقدا فەرمویەتی:

فخر تاریخ و تبار همەی ماست ز کُرد
شیخ اشراق و نظامی دو تن از اکراد
اصل کرمانجی و گوران و زازا خود چیست
حرف شیرین کە سخن سر کند از فرهادا

شیخی ئیشراق، زانایێ فەقیە، فەیلەسوف، شاعیری کوردزمان، بیرورد، قسەزان، قسەرەوان، زمان تەروپاراو، زانا بە عیلم و دین و حیکمەت و فەلسەفە و شافیعی مەزهەب و زانا بە زانینەکان بووە.

Dr.Saleh Ebrahimi



# زیندوی کۆڕی بێدار

زیندوی کۆڕی بێدار لێکدانەوەو لێکۆلینەوە گەلۆبناغەو بنچینەی بنەرەتـی تـەحقیـق لـەسـەر ئەوەو لەسەر چریکە و چیرۆکی«سەلامان و ئەبسال»- ئاماژە بە ناوی«سەلامان و ئەبسال» کـە لـە قارەمانانی بنەرەتی ئەم چریکەن[:زیندوی کوڕی بێدار] یەکەمجار لە شوێنەواری کوڕی سینا یانی لە نەمەتی نۆ لە پەراوەی«ئیشارات و تەنبیهات» [ڕێسالەکانی شیخ سەرۆک ئەبوعەلی: حوسێین‌بن عەبدوڵلابن سینا لە کتێبی ئەسراری حیکمەتی مەشرقی‌یەدا] باس کراوە[١].

هەروا لە ریسالەی قەزا و قەدەردا هاتوە و[٢]. هـەروا[خاجـە نـەسـیرەدیـن توسـی] بـە نێـوی ریسالەیێ لە قەزاو قەدەردا ناوی بردوە، ئاماژە کردنـی کـوڕی سـینا بـە دو نێـو لـەو دو کتێبـەدا کورتترو موبهەمتر لەوەیە کە مرۆ بتوانێ بڵێ: کە ئەوانە دو قارەمانی یەک چریکە و چیرۆکن، جـا لام وایە بۆ یێ **ئیمام فەخر رازی**؛ کە بەر لە خاجە نەسیرەدین توسی، شەرحی لەسـەر ئیشـاراتی کوڕی سینا نوسیوە، واژەی سەلامان و ئەبسال-ی بە مەقولەی لـەغـەز دانـاوە، کـە کـوڕی سـینا خۆیی بۆ ئاماژەکردن بە هەندێ شـت داینـاوە و لـە دوایـیدا کـوڕی سـینا تـەئویلێـک لـە روی گومانەوە. سەبارەت بەو دو واژەی سەلامان و ئەبسال- دەردەبڕی[٣].

دوای ئیمام فەخر رازی[وەفات ٦٠٦مانگی] **خاجە نەسیرەدین توسی**[وەفات ٦٧٢مانگی] لـە راڤەکردنی خۆیدا لەسەر ئیشاراتی کوڕی سینا بە وردبینی خۆیی تێ‌دەگا کـە ئـەم دو واژە دەبـێ پێوەندی بە داستانێکەوە هەبێ و بیـروڕای ئیمـام فـەخـری رازی دەداتـە دواوە«هـەر ئـەو کتێبـە پەرەی٥٠و٤٩» بەدوادا چونی خاجە نەسیرەدین توسی بـۆ بـەدەس‌هێنـانی واتـای ئـەم داسـتانە، دەگاتە نەتیژەو دو داستان بە نێوی سەلامانو ئـەبسـال پـەیـدا دەکـا، یـەکێکیـان داسـتانێکە، کـە **حونەین‌بن ئیسحاق**، لە یونانی‌یەوە کردویەتە عەرەبی، وە ئەوەی دیکەیان هی کوڕی سـینا- یـە، کە دوای بیست ساڵ دوای راڤەکردنی ئیشارات، پەیدای کردوە، خاجە نەسیرەدیـن توسـی، هـەر دو داستانەکەی گێڕاوەتەوە. [هەر ئەو کتێبە پەرەی٥٥و٥٤]. وە بە دروستی نەتیـژەی وەرگرتـووە، کە داستانی دوەم هەر ئەوەیە کە[شێخ سەرۆک بوعەلی سینا] لە کتێبی ئیشاراتو لە ریسالەی قەزا وقەدەردا ئاماژەی پێێ کردوەو[**ئەبو عوبەیدی جورجانی**] فەقێی شێخ لە ژمارەی ئاسەواری، پڕ

---

[١] جزمی دو پەرەی ١١٠و هەروا تەرجەمەی فارسی ئیشاراتو تەنبیهات وەزارەتی مەعاریف و ئەوقاف ١٣١٦پەرەی ١٧٣.

[٢] ریسالەی قەزاو قەدەر جزمی١٤ پەرەی ٥و٦.

[٣] «ئیشاراتو تەنبیهات» نوسراوی کوڕی سینا لەگەڵ شەرحی خاجە نەسیرەدین توسی، دوکتور سلێمان دنیا.

Dr.Saleh Ebrahimi



زانا: بوعەلی سینا، لە پێرستی نوسراوەکانی کوڕی سینادا هێناوەیەتی[هەر ئەو کتێبە پەرەی٥٣] ئەوسا شەرحی رازو رەمزی ئەو دو چیرۆکەی بەیان کردوە، بەڵام چیرۆکی یەکەم لە یونانیەوە تەرجەمە کراوە و خاجە نەسیریش نەقڵی کردوە، هەر ئەو ریوایەتە مەنزومەیە، لە ئەورەنگی دوەمی کتێبی حەوت ئەورەنگی جامی‌دا هاتووە[٤].

**شێخ شیهابەدین سورەوەردی،** [سهرورد: مدینه فی شمال غربی ایران سکنها الاکراد فی القرن١٠، خربها المغول بحملاتهم الحربیه فی القرون الوسطی- السهروردی«شِهاب‌الدین یحیی‌بن حبش»، «٥٤٩-٥٨٧ه/ ١١٥٤-١١٩١م»]- فەلەیسوفی ئیشراقی کەبیرو مەزن، شافیعی مەزهەب، لە گوندی سوهرەوەرد: سورەبەردی کوردستانی، بەشی خۆرهەڵات لە دایک بووەو لە مەراغا لە ئازربایجان خوێندویەتی‌و خێوی کتێبی حیکمەتی ئیشراق و هەیاکیلی نورە[٥]- شێخ شیهابەدین سورەوەردی دامەزرێنەری حیکمەتی ئیشراق کە خۆیی بەتەواوکەرەوەی حیکمەتێ دەزانێ کە کۆڕی سینا لە ئاخری ژیانیدا، خەریکی دامەزراندنی ئەوە بووە، بەڵام لەبەر بێ‌ئاگایی، نەیتوانیوە راڤەی بکا، لە سەرەتاوە، یەکێ لە ریسالە رەمزی‌یەکانی خۆیی بەناوی«**چریکەی غوربەی غەربیە**» هەم بە ناوی ریسالەی سەلامان‌و ئەبسال‌و هەم بەناوی ریسالەی رەمزی[حَیِ‌بنِ یەقظان]: زیندوی کوڕی بێدار نوسراوی کوڕی سینا ئاماژە دەکا. جا لە زیمنێ ئەوەدا کە ئەو دوانە بە نیشانەی مەیلی ئیشراقی بونی کوڕی سینا، دادەنێ، چریکەی غوربەی غەربی خۆیی بە کلکەی زیندوی کوڕی بێداری کوڕی سینا دەزانێ و فەرمویەتی: غوربەی غەربی حەقیقەت‌و جوانییەکی لە خۆ گرتووە کە کوڕی سینا دەسی بەوان نەگەیشتووە. جا بە مجۆرەیە کە سێ چریکەو چیرۆکی رازو رەمزی زیندوی کوڕی بێدار و سەلامان‌و ئەبسال‌و چریکەی غوربەی غەربیە، لە رێگای ئاماژەکردنی شێخ شیهابەدین کوردی خەڵکی شارۆکەی سورەوەرد، ناودار بە: شێخی ئیشراق، بە جۆرێ لە جۆرەکان، پێکەوە پێوەندی پەیدا دەکەن.

ئەم پێوەندیی‌یە ناروانێتە پێوەندی یا شەباهەتی داستانی ئەوانە، هەرچەند کە بنەرەتی واتایی ئەوانە لە رێگای تەئویلی دەقەوە، بەرەو حەقیقەتی عیرفانی و ناسەوەری و فەلسەفی دەکشێ، کە سروشت‌و ئاسۆی وەک یەک‌و هاوبەشیان هەیە.

---

[٤] لە بابەت ئەم دو چیرۆکەو رەمزو رازی ئەوەو مەبەستگەلی دیکەوە بڕواننە تەقی‌پور نامشاریان رەمزو داستانی رەمزی پەرەی ٣٨٠و٣٧٦و١٦٨و٣٠٨و٣٠٩و٣٨٧.

[٥] پەرەی ١٤ی ئەلمونجید لە عەلام‌دا چاپی ١٢ بیروت ٢٠ی حوزەیرانی ١٩٨٢ی زاینی «شەپۆل»

Dr.Saleh Ebrahimi



کۆڕی توفەیلی ئەندەلوس«وەفات٥٨١مانگی»، دەگونجێ کە هەر لەو ساڵانەیوا شێخی ئیشراق چریکەی غوربەی غەربی نوسیوە، ئەویش«یانی کوری توفەیل» چیرۆکی زیندوی کوڕی بێداری دانابێ، کە لە ئێران بە هۆی زانای ناودار فروزانفەڕ بە سەرەتایەکەوە تەرجەمە کراوەو لە ١٣٧٠/١٢/٨ی هەتاویو ریکەوتی ٢٧فووریەی ١٩٩٢ی زاینی لە تاران لە چاپ دراوە- هەروەها لە روی تەرجەمەی فارسی دوکتور عەبدولکریم بێ‌ئازار شیرازی، دوکتور محەمەد سالح ئیبراهیمی«شەپۆل». ئەو چیرۆکەی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی شیرینی کوردیو سەرەتایەکیشی بۆ نوسیوە و لە لایەن نوسینگەی بڵاوکی فەرهەنگی ئیسلامی لە تاران لەسێ‌هەزار دانەدا، بە کوردی بە ناوی«زیندوی کوڕی بێدار» کە وێنە دارە و ڕەنگین لە ساڵی١٣٧٤ی هەتاویو رێکەوتی ١٩٩٦ی زاینی لە تاران، چاپ کراوە و بڵاوکراوەتەوە.

جگە لە زیندوی کوڕی بێدار:«حَیِ‌بنِ یقظان»- سەلامان وئەبسالیش قارەمانانێ دیکەی ئەم چیرۆکەن، بە مجۆرە جارێ دیکە قارەمانانی ئەسڵی دو داستانی کوڕی سینا لە یەک چیرۆکدا کۆدەبنەوە. زەمینەی چیرۆکی کوڕی توفەیل وێنەی، نە لە داستانی کوڕی سینادا هەیە، نە لە تەرجەمەی یۆنانی حۆنەین‌بن ئیسحاق، وە نە لە غوربەی غەربی شێخی ئیشراقدا نمونەی هەیە، ئەگەریش هەبێ، لە هەوێنی ئیشراق یا لە فەلسەفی و ناسەوەری و عیرفانی ئەوانەدا یە.

پەیکەرەی بنەرەتی کتێبی [حَیِ‌بنِ یقظان] و[سەلامانو ئەبسال]- ئامادە کراوی دوکتور سەججادی کە نەقڵی ئەم سێ داستانەیە. بە سەرنجدان بە دو داستانی هاونێوی سەلامانو ئەبسال، کە یەکیان هی کوڕی سینایەو ئەوی دیکەیان هی[جامی]یە، کە بریتیە لە تەرجەمەی[حونەین بن ئیسحاق] کە ئەو چریکانە، پێکدێنن.

## بۆ زانین و رونکردنەوەی زیاتر

١- کورتەی زیندوی کوڕی بێدار- ی کوڕی سینا، ئەم کورتەیە لە کتێبی«زنده بیدار» تەرجەمەی فروزانفڕ نەقڵ کراوە، کە خۆیی لە کتێبی کوڕی سیناو تەمسیلی عیرفانی‌یە، کە هانری کەربۆن ئەوەی چاپ و راست کردۆتەوەو بە زمانی فەرانسەوییە و سەرەتایشی بۆ نوسیوە.

٢- قەسیدەی کۆڕی هیباری‌یە، کە نەزمی چریکەی«حیِ‌بنِ یقظان»: زیندوی کوڕی بیدار- لە پەرەی ١٩تا٢٥. ئەم قەسیدە لە گۆڤاری دانیش ساڵی ٢ژمارەی٧ بە تەحقیق و لەبەر هەڵگرتنەوەی زانای ناودار محەممەدتەقی دانیش‌پەژۆدا هاتووە.

Dr.Saleh Ebrahimi



٣- چریکەی غوربەی غەربی شێخی ئیشراق دەقی عەرەبی و تەرجەمەی ئەم چریکە لە کۆکراوەی دوەمی دانراوی شێخی ئیشراق بە راستکردنەوەی **هانری کەربۆن**، هاتووە. لە پاشکۆی«زنده بیدار» تەرجەمەی پرزانا فروزانفەر- یش کورتەیێ لەم داستانە، نەقڵ بووە، کە دوکتور سەججادی هەر لەو شوێنەدا نەقڵی کردوە.

٤- پەراوەی «حَیِ‌بنِ یقظان»: زیندوی کوڕی بێداری کوڕی توفەیلو بەرکوڵی ئەو، سەرەتاو ئەسلی داستان لە کتێبی«زنده بیدار» بە وەرگێرانی فروزانفەر لە زیندوی کوڕی بێداری کوڕی توفەیل، نەقڵ کراوە.

٥- چیرۆکی سەلامانو ئەبسال،هی، «حونەین‌بن ئیسحاق» بە عەرەبی‌و دو ریوایەتی خاجە نەسیرەدین توسی کە دوکتور سەججادی لە کۆبەو پەراوێزی پەرەی١١٩ی نوسراوەی خۆیدا رونیان کردۆتەوە، کە ئەو دەقانەی، لە کۆبەی نوسخەی ریسالەکانی کوڕی سینا چاپی یەکەم چاپخانەی هێندیەی بلوسکی میسر، نەقڵ کردون. و بەشی دوەمی دەقەکان گە پێوەندیان بە ریوایاتو رونکردنەوەکانی خاجە نەسیرەدین توسی‌یەوە هەیە، دەقی عەرەبی هەر ئەو قسەو ریوایەتانەیە کە خاجە نەسیر لە راڤەکردنی ئیشاراتدا هێناویەتی و لە سەرەتای ئەم نوسراوەدا، ئاماژەمان پێی‌کردوەو بەشی یەکەم وێنەی پەرەگرتوی داستانی یۆنانی سەلامانو ئەبسال- ە، بە وەرگێراندنی حونەین‌بن ئیسحاق کە کورتەی ئەوە لە ریوایەتی خاجە نەسیردا هاتووە.

٦- قسەکانی خاجە نەسیرەدین توسی لە بابەت سەلامانو ئەبسالو گێرانەوەی دو ریوایەتی ئەو لە داستانەکەدا، کە هەر وەکو وتمان: خاجە لە راڤەکردنی ئیشاراتی کوڕی سینادا هێناویەتی دیارە، وەرگێردراوەکەی خاجە نەسیر، لە روی تەرجەمەی نەمەتی نۆی:-٩- ئیشارات لەگەڵ شەرحی خاجە نەسیرو بیرو بۆچونی ئیمام فەخر رازی کە سەیید ئەبولقاسم پورحوسێینی ئامادەو تەرجەمەی کردوە، نەقڵ‌کریاوە.

٧- چریکەی سەلامانو ئەبسال تەفسیرو تەئویلی مەحمودبن میرزا عەلی کە لەوە دەچێ کە هەر ئەو نوسخەیە هەبێ کە لە پێرستی پەرلانەی ئیمامی هەینی کرمان، نوسراوی محەمەدتەقی دانیش‌پەژۆدا، ناسێندراوە، دەقەکە داگری سەرەتایەکە لە بابەت«سدوری عوقولو نفوس و تەتکوینی ئەفلاک و مەوالیدی سەلاس، وە ئاماژە بە ئەستێرە: کەواکیب و بروج و هەیکەلی ئینسانو ئەندامو قەوامی وی‌و قەوامی نەفسی نەباتی‌و

Dr.Saleh Ebrahimi



گیان و مەشابەهەتی ئینسان لەگەڵ جیهانو شارو وێنەی ئەو جۆرە مەبەستانە، جا ئەوسا وەرگەراندنی چریکەی سەلامانو ئەبسال کە وەرگەڕاوەی هەمان دەقی عەرەبی حونەین‌بن ئیسحاق-ە، کە لە یونانیەوە وەری‌گێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی، جا دوابەدوای راڤەو تەئویلی ئەو چریکە، کە وەرگەڕاوەی هەمان شەرح‌و تەئویلی خاجە نەسیرەدین توسی‌یە لە راڤەکردنی ئیشاراتا، کە دوای تەرجەمەی دەقی سەلامانو ئەبسالی شێخ‌دا هاتووە کە ئەمەیش هەر وەک وەرگێڕیش ئاماژەی پێی کردوە، هەر ئەو سەلامانو ئەبسالی کوڕی سینایەو دوابەدوای ئەوەیش راڤەو شەرحی خاجە نەسیرەدین توسی هاتووە.

٨- مەسنەوی سەلامانو ئەبسالی[جامی] هەمو ئەورەنگی دوەم لە ٧ ئەورەنگی جامی بەسرنجدان بە کتێبی حەوت ئەورەنگی جامی بە راستکردنەوەی مودەریس رەزەوی‌و ئەورەنگی دوەم بە سەرەتاو راستکردنەوەی دوکتور رەشید یاسەمی کوردی کرماشانی لە دەسایەو هەیە. ئەمانەو جگە لە تەرجەمەی فارسی سەلامانو ئەبسال لەگەڵ راڤەو تەئویلی ئەوە لە کاری مەحمودبن میرزا عەلی«ژمارە٧» لەبابەت راڤەو شەرحی داستانەکان و بەرانبەرکردنی هەندێ بەش‌و واتاکردنی داستانەکە، لەگەڵ نمونەگەلێ دیکە هەن‌و جێی سرنجدانو لێکدانەوەو لێکۆڵینەوەن.

من:«شەپۆل» کە تەمەنی خۆم لە ڕێگای خزمەتکردن بە زمانو فەرهەنگ‌و هونەری کوردی، وەک وەرگێڕانی قورئان بە زمانی کوردی بۆ ئەوەی کە قورئان ببێتە پشتیوانی زمانی کوردی و کەس نەوێرێ بیسوتێنێ یا لەنێوی ببا، یا قەدەغەی بکا،بەلکو بە تێکۆشانی دڵسۆزانی کورد زمانی، کوردی‌نوس لە ئاکاما زمانی شیرینی کوردی ببێتە زمانی عیلم‌و تیکنیک‌و سەنعەت‌و هونەرو زانین، کە ئەو قورئانە بە زمانی کوردی لە ١٣٧٦ی هە تاوی‌و ڕێکەوتی ١٩٩٨ی زایینی لە تاران چاپکراو تا ئیستا ٧ جار لە چاپ دراوەو هەروەها خزمەتەکانی دیکەم بە زمانی کوردی، کە خۆم خستوتە، تەنگانە، بۆ ئەوە نەبووە بکەومە فەرعانە، لەباتی رەنج گەنجم گیر بێ لە دنیادا، چونکە بەداخەوە زمانی کوردی لێرە کڕیاری نیە، بەلکو تەنیا پاداش‌و شاباشی پڕنرخ بۆ من ئەوەیە کە گەنجانو لاوانی کوردو کوردستان بە کیژانو کوڕانەوە، کە بە دەس عەجەمەوە لە ئاست زمانی کوردی سڕو کپ‌و بێدەنگن، ڕۆژێ لە ڕۆژانی ڕووناک‌و پڕ ئەستێرە و ڕۆشنایی، باب‌و کاڵی نێودارو خزمەتکاری فەرهە-

Dr.Saleh Ebrahimi



نگ و زمانو وێژەو وێژودانی، کوردەواری خۆیان بناسن و رو بکەنە خۆناسینو خو بدەنە خوێندەواری و گەشاندنەوەی زمانو بیرو باوەری کوردی، چونکا لەم ساتە، وەختانەدا زۆربەی زۆرینەی خوێندوارانی کورد، بیر لە زمانو شێعرو هونەری کوردی، ناکەنەوە و عەجەم بە فێرکردنی زمانو شیعری خۆیی، وای فێرکردونو باری هێناون کە لە کۆڕو کۆبونەوانەکاندا بۆ داسلماندنی مەبەستەکەیان شیعری فارسی لەسەر قسەکانیان دەخوێننەوەو بەداخەوە بە بیرو باوەری نامۆ خویان گرتوە،خاسمە ئەو کوردە زاناو قەڵەم بەدەسانەی ئەم ساتو کاتە زێرینەی ئێستا، زمانو نوسینی عەرەب، تورکو فارسیان غەتی و تەژی لە نوسینی خۆیان کردوەو لایان وایە، نابێ بە کوردی بیر بکەنەوەو بنوسن وتێبگەن و پێبکەن، ئافەرین بۆخانای قوبادی کە بە خۆییو زمانە کوردییەکەی خۆی دەنازێو بە شیعر فەرمویەتی:[هەر چە ن مەواچان فارسی شەکەرەن- کوردی جە فارسی بەل شیرین تەرەن]. وەک ئەوە، ئەو کوردە تورکینوسو عەرەبینوسو فارسینوسانە ناتوانن لەباتی شیعری فارسی، شیعری کوردی، نالی، وەفایی، مەولەوی کورد، مەلا پەریشان، میر نەوروز، خانای قوبادی، حاجی خەلیفە مەلا محە مەد«بەها» وسیف‌القضات، مەلای جزیری، حەکیم ئەحمەد خانی، هێمنو هەژار لەبەرکەن و بەڵگەی پێی بهێننەوە، کەچی شاعیر دەڵی:

ئاخ بۆ دەنگ خۆش لە ژور سەرینمان ـــ ـــ ـــ ـــ بە چریکەی کوردی بدا تەلقینمان.

بیست ساڵان کزو بێکەس و بێدەر- گوزەرانم کرد بە خوێنی جگەر

دینو ژیانم لەدەس چو بووە، دەر- کورد بوو، دەناڵی لە قەسری قەجەر- رزگاریان کردم خوداو پیغەمبەر.

مەگەر چاڵی چەنەت زیندانی قەسرە- کە رزگاربونی ئێمەی لێ مەحاڵە

پاک بەحر بنە حیبرو مێشە، قەڵەم- نادرێ شەرحی زوڵمو زۆری عەجەم

پێت دەڵێ نوکی قەڵەم گەر ژینی خۆشت پێت دەوێ- غەیری من دەس ناکەوێ بۆ رێی تەرەقی پێشرەوێ.

قەڵەم دەست دەیەو ببە مەکتەبی- وەختو بێوەخت لە خوێندن نەبی [ئەم شیعرانە هی هەژارە].

دوکتور محەمەد سالح ئیبراهیمی«شەپۆل»

Dr.Saleh Ebrahimi



# شیخی ئیشراق

## نەخشی فێرگەی ئیشراق و شێخ شەهابەدین سورەوەردی

## لەتەسەوفا وتویانە: چار ڕێگابوگەیشتن بە حەقیقەت هەیە:

١ ـ مەداری ئیفادە و ئیستفادە (فێر کردن و فێر بوون) لە سەربێژەو واژەیە و مەرج بۆڕێکە وتن لەگەڵ دینیکالەنێوا نییە. ئەمەفەلسەفەی مەششائی ناوە. (سەروکی فەلسەفەی مەششا لەیونانا ئەرە ستو و لەدەورەی ئیسلامەتیشدا ئیبنی سینایە).

٢ ـ مەداری ئیفادە و ئیستیفادە لە سە ربێژەو واژەیە، بەڵام مەرج بۆڕێکە وتن لەتەك ئاینێکا لەگۆڕ دایە، بەمە ئەڵێن: زانستی کەلام.

٣ ـ مەداری سودگە یاند و سودوەرگرتن لەسەر بێژەوواژە، نییە وهوی لێك حاڵی بونی ماموستاو فەقێ تەنیا نوردانە وە و ئیشراقی دڵ ودە رونە و رەنگ دانە وەی نوری زانینە لە نەفسی ناتیقە: (قسەی بێژەر): ماموستا بوناودڵ و هە ناوی فەقێ بێ ئەوەی قسە کردن و بێژە دەربڕین لەکارابێ و ڕوابێ، ئەوەی بی یە وێ، لەگەڵ یەك ئاینا ڕێکە وێ و بەرانبەربێتەوە، ئەم ڕێگایە، کە ڕچە وڕێگای حیکمەتی ئیشراقی ناوە. سەروکی فەلسەفەی ئیشراق لەیونانا ئەفلاتون و لەدەورەی ئیسلامەتی‌دا، شێخ شەهابەدینی سورەوەردی ناودار (بە ئیشراق)ە.

٤ ـ مەداری فێر کردن وکە لك گەیاندو کەڵك پێێ وەرگرتن لەسەربێژە و واژە نییە، بەڵام بەرانبەری کردن لەگەڵ یەکێك لەئەدیانا پێویستە، ئەم ڕچەش ناوی عیرفان یا تەسەوفە. لەم تاریف و پێناساندنانە، وادەر ئەکەوێ کە حیکمەتی ئیشراق لە سەرباسی ئازاد دامەز راوەو بەرانبەری کردنی لەگەڵ ئاین دانابێ، بەڵام عیرفان لەسەر پایەی بەرانبەری کردن لەگەڵ ئاین‌دا ئەلوێ و عیرفان لەسەر پلەی بنەرەت و مەبانی و ئوسولی دین دامەزراوە.

لێرەوە دەرئەکەوێ کە حیکمەتی ئیشراق تاچ رادە یەك لە عیرفان و تەسەوف

Dr.Saleh Ebrahimi



نێزیکەو خزمایە تیان پێکەوەهەیە، وەکو لفەودوانە یا هاواڵ زاوابـن وایـە، جـاهەرلەم سوێنگەوەیەکە سۆفیان زۆر لەزار اوەی حیکمەتی ئیشراق کە لێك وەرئەگرن.

**شارە زوری** لە (نەزهە تولئەرواح) دائەنوسێ شێخ شەهابەدین سورە وەردیلەگوندی سورەدێ (لە **٥٤٩** مانگی چاوی‌بە جیهان هەڵێناوە ولە **٥٨٧**ی مـانگی هـەتاوی) بـە هۆیەکی نادیار بارگەی بـەرەو لای خـوا تێکـناوە، سـورەدێ یـەکێکـە لە دێـهستانی بەشی‌قیداری سەربە زەنگان[١]

شێخی ئیشراق شەهابەدین ئەبوفە تحیە حیاکوڕی حەبەش کوڕی ئەمیرەك، سورە وەردی، کە لەدەورەی شارستانیەت و ژیاری ئیسلامەتی دا سەرۆکی فێرگەی ئیشراقـە، شێخی ئیشراق لەسەرەتاوە لە مەراغاخە ریکی خوێندنی حیکمەت و ئوسولی فیقە بووە، لای شێخ مەجدەدین جیلی‌کە مامۆستای ئیمام فەخری رازیش بووە، خوێندەویەتی ولە پاشان چوەتە ئیسفەهان لای‌زەهیرەدین قاری دەرسی تەواوکردوە ولەکاتی فەقێیەتی‌دا هاوەڵ فەقیێ ئیمام فەخری رازی بووە و خاوەنی پەراوەی تەبە قات (الاطباء). ئەنوسێ: شێخی ئیشراق لەگەڵ زۆربەی زانایان وکەڵە پـیاوانـی ئـایینی و عـیرفانی: (مـیستیك) لەرۆژگاری خۆیدا سەری ناسیاوی داختوە.

شێخی ئیشراق: لەجیهانی عیرفان و تەسەوف وردبـوتەوە، هـەروەکـو لەنـوسراوە، جوانو دڵگیرەکانی باش‌بە ڕوناکی دەرئەکەوێ. شێخی ئیشراق قەسیدە یەکی حائیەی

---

١ ـ سُهْرَوَرْد : مدینة فی شمالِ غربی ایران، سکانها الاکراد فی‌القرن ١٠، خربها المـغول بـحملاتهم الحربیة فی القرون الوسطی. پەرەی ٣٦٩ ئەلمونجید لە ئەعلاما چاپی بیێروت ٢٠ ی حـوزەیرانـی ١٩٨٢ ز ـ واژەی سُهْر بەواتای سورەو واژەی وَردیانی بەرد (ب ـ بوّتە: و) سُهْر لە زمانی فارسی و عەرەبی دابەکارنابرێ، کورد، بە تایبەت کوردی کرمانج بەکاری دەباو شێوە زاری کوردی کرمانجی‌یە (شەپۆل).

Dr.Saleh Ebrahimi



هەیەکە ئەمە شیعری یەکەمین یەتی: (أَبَداً تَحِنُّ اِلَیْکُمُ الأَرْواحُ = وَ وِصالُکُمْ رَیْحَانُها وَ الّراحُ).

کەلەوپەری نەرم و پاراوی و شیرینی و ئێسک سوکی‌دایە. بەراستی ئەگەر زمانی عەرەب وێنەی ئەم قە سیدەی زۆرهە بوایێ رێبازو رچەی شیعری عەرەبی لە عیرفان و تەسەوفا ئەگۆڕا و چارەنوسێ تری ئەبو.

ئەم قەسیدەیە تەغەزولێکی: (میستیک): عیرفانی یەکەلەوا شێخی ئیشراق بەزوانی غەزەل و، وەژد ئارەزوری خۆی بۆجیهانی ڕوّح وگیان و اتاکردوەو دە ری‌بریوە و فەرمویەتی:

(هەمیشەدڵ و دەرونی خاوەن دڵ بۆدیتن و گەیشتن بەئێوە لە هاوارونالە ناڵ دایە، ئەوگوڵە بێن خۆشە کەگیان ئەلاوێنێتەوەو ئەو مەیە بێخەوشەی، کە دڵ و مێشک ئاویازاخاوئەداو ئەی باتە ئەوپەری خێرو خۆشی‌یەوە دیتنی تۆیە وبەس: (مە بەست خوایە). دڵی ئەویندار تۆلە ئاگری دیداراگری گرتوە ولە وگرگرە هەناوی منە ئەگرێتەوە، تەنیا بەگەیشتن بە تۆئە وگرە ئاگرە ئەکوژێتەوە.

دڵم بۆئە ویندارانی ئەسوتێ، چونکا ئە یانەوێ بە زۆرە ملێ ودیان بە خۆداگرتن عەشق‌و ئەوینی دڵی هەڵ پڕوزاوی خۆیان لەبەر چاوە چاوی ئەم و ئەو، بشارنە وەوشۆینە گوم کیێ پێپکەن. - بەلام شۆینەواری عەشق و ئەوینداری لە چرو ناوچاوانیاندا دیارە. ئەگەر ڕازونهێنیە کانیان دەرخەن لەلای ڕواڵەت پەرستانا خوێنی گەش و ئالیان حەلالە، وەک ئاوی زولالە، بەلام بازلەراز ناچرێتەوە، جاباقەل و قشقەرە، هەربقرێتەوە. ئەگەر عەشق و ئەوینی خۆیان بشارنەوە، فرمێسکی بە خورلەچاوان تکان، ڕازی نهێنی ئەوان ئاشکرا ئەکا و ڕەنگ و ڕوخسار و کولمی پڕهەڵمی‌زەردییان لە سەردەردی‌نهێنیان شایەدی ئەداو پەردە لەسەر هەناسەی ساردو ڕو زەردیان لائەداو خوێناوی دڵگوڵی دەوێتەوە سور هەڵگەڕێتەوە.

Dr.Saleh Ebrahimi



مەعشوقەی حەقیقی لەگەڵ ئەوانا لەجیهانی خوشەویستیو ئەوینا، دڵی ئەوانی لاواندوتەوەو ئەویندارانیش دڵ و دەرون و بون و نەبونی خۆیان ناویانەتە، ناو تەشتێکی زێرینەوەو لەبەردەستی ئەویان داناوەو بەویان سپاردوە و دڵیان لەناوزریای نور و تیشکی خوایی داکەوتوّتە مەلەباسکە. ئەگەر لەئاسوّی عاسمانی دەس بە داوین گەیشتن، زەردەی دەم کەلی روّژهە لاّت دەرکەوێ، شیاونیە، ئەویندار بەراستی سەر زەنشت بکرێ، چونکا ناتوانێ خوّیی راگرێ، گری ئاگری دڵی دانا مرێتە وە.

دڵودەرون براوانێ کە ئەوین؛ گشت گیان ولە شی ئەوانی تەنیوەتەوەو هێزوتوانا و وزەی لێ چنیون و ناتوانن رازی دڵ بشارنەوەو لەحاڵی خوّدا لەسەرتاشە بەردی راز و هەوراز خوّیان بەر ئەدە نەوەو رازئە درکێنن و خوّئە ترەکێنن؛ چ گوناحێکیان کردوە.

ئەوانە دەسیان لەخوّبەرداوەو دەسیان لە داوێنی دوّس وەرداوەو سودی خوّیان لەو سەودایەدا دوّزی وەتەوە.

ئەم دڵبراوانە بەرواڵەت لەکوّرا لەگوّران، بەلاّم ئەوە گوّری لەشەیانە، والەگوّرایە، نەکدڵ و هەناویان، دیارەکاتێ لەحاڵی خوّیاندا چاوی‌یان بە بەژن و بالاّی پیری والاّی دڵ براوی خوّیان بکەوێ، بێ باکانە پەردەی دڵ ئەدرن و در درێن ئەخەنە ئەو ناوە ناوەو دەس ئەکەن بە یاهویاهو وئەڵێن: (ئەم نا ئەو) مەعشوقە هەوساری لەدەس رفاندون، لەبەرانبەرا ئەم دڵبراوانە پەردەیان لەسەر واتا دارینەوەو رازی مان: (بون)یان. لەئەمانەدا دوّزیوە تەوە. ژیانی ئەم جیهانە دوا برانەیان، لادوا براوە و بایەخی لای ئەمانە بوّ نەماوە، ئەوانە وان ئێوەش ئەگەر وزەتان ماوە، تەک بدەن بەلای خواوە، مەگەرێنەوە بوّدواوە، بە رێبازو رچەی پیاوانا رویشتن هوّی رزگار بونێ تەواوە، لەم سوێنگە وەیە ئەڵێن: ئەوینی شێخی ئیشراق سەری لەعاسمان داوە و زوّر، بە رز و پتەوە، بە هیچ رەشە بایەک نا لەرێتەوە. گرئەگرێ، روّژ ئەگەر ئاگری هەناسەی هەڵگەرێتەوە. کوژراوە دایکی روّڵە، مەمک نامژێتە وەو دڵژیلە مویە، ئاگری گری دڵی هەرگیز ناکوژێتە وە.

Dr.Saleh Ebrahimi



بەم قسانە پێوەندی حیکمەتی ئیشراق لەگەڵ عیرفانا جوان دەرئەکەوێ، ئەم حیکمەتە لە ئاوێستاکتێبی زەرتوشت، سەرچاوەی گرتوە، تاگە یشتوتە ئێستاو لە سەر زانیاری سوفیانیش شوێنی دانیاوە و بە بیری تیژی سورە وەردی بژیوی پێدراوە و ڕەنگی زەردی سورهەڵگەڕاوە.

**یەک بونی فەلسەفەی ئیشراق و ئاکار و عیرفان لە ئامانجا:**

ئەشێ بزانین فەلسەفەی ئیشراق و زانستی خوو ئە خەلاق و تەسەوُّف و عیرفان هەرچەندە بەڕواڵەت لێک جیان، بەلام لەڕاستیدا بە یەک ژەک گوچیان گرتوە و لەسەرچاوەیەک ئاودراون و پاراوکراون، مەبەستی هەمویان ئینسانە و ئەو پێگەیاندن و باش فێرکردن و خاس بارهێنانە، ئامانجی زانایانی خوو ئاکاری ئینسانەکە سەرمەشق و وێنەی بەرزی خو و ئاکاری باش و پەسەندی مروڤانی بێت.

هەروا لە فەلسەفەی مەششائیشا لەباس و خواسی نە فسا زوڕ بە ڕوناکی دەری بڕیوە کە ئامانجی دڵخواز (تەزکییەی نەفس) و تەلتیفی روح وگیانە (یُزَكِّيهِمْ وَ يُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَ الْحِكْمَةَ) فەرمودەی خوای بێتایە و دورە پەرێزی لە لێلاوی مادی و ئەنبوژەنی و پێوە لکانی گیانە، بە جیهانی ئەودیوی نادیار و ناتێکلاوە.

فەلسەفە و حیکمەتی ئیشراقیش کون بەکون بە دوی مروڤی کامیلا (کامل) گەڕاوە کە دڵ و دەرونی ئەومروڤە، وەکو ئاوێنە جوان بنوێنێ و ژەنگ و گەرد، لە دڵ و دەرونی نەدابێ و ڕەش هەڵنەگەڕابێ.

عیرفانیش گەرەکیەتی ئینسان دەس لەم جیهانە ناپایەدارە هەڵگرێ وبەرەولای خواهە لگەرێتە وەو خوو ئاکاری خوایی بگرێتە وە. لێرە دایە حافزی شیرین زبان فەرمویەتی:

یک قصّه بیش نیست غم عشق و این عَجَبْ
کَزْ هَرْزَبان کە میشنوم نامُکَرَّرْ است

Dr.Saleh Ebrahimi



خواناسەمەزنەکان و هەندێ لەشاعیرەکانمان وەکو مەولا ناخالید. حەکیم مەولەوی کورد، مەحوی، وەفاییو حاجی خەلیفەو مەلا محەمەد (بەها)ئەمین حوزوری شێخ عوبەیدیلای نەهری شاهی شەمزین، کە دەسێ بالآیان لەفەرهەنگی ئیسلامەتی داهە بوە، زۆر وەستایانە لەم بارو بابەتانە وە، دواون، ناچارین بێژین: (سنور وکە وشنیان بڕیوە و سەریان لە عاسمانی قسەزانی و زمان پاراوی ساوی وە).

ئەمەش نمونەی شیعری پارسی سورەوەردی:

من آن بازم کە صیادان عالم    همە وقتی بە من محتاج باشند
شکار من سیە چشم آهواند    کە حکمت چون سرشک از دیدە بارانند
بە پیش ما از این الفاظ دورند    بە نزد ما ازین معنی تراشند

شێخی ئیشراق لەم هۆنراوانە دا ئاماژە و دیاردی بۆچریکەی: (ئاوەزی سور) ئەکاکە ئایا پەلەوەران زمانی یەکترین ئەزانن، قارەمانی چریکەش لەوەلآمائەلێ من خۆم گیانم چووەتە ناولە شی بازێ و لەتەک بازە پەلەوەرەکانیترا قسەم کردوە، تارۆژێ کەوتە داوی نەچیرەوانانو بردیانە سەرزەوینێترو چاویان بەست ولەپاشان کەم کەم چاویان کردەوە، لەدەرفەتێکا رۆژێک لەشەقەی باڵ ئەداو ڕوئەکاتە چۆلگە و دەشتێکو لەوێ مرۆڤێک بەسەرو و سیمایەکەوە، کە خۆی بەیەکەمین زاروڵەی ئافەرینش ئەناسێنێ ئەبینێو هۆیڕەنگ سوری خۆی ئەدرکینێ. ئەومرۆڤە قسەلەکێوی قاف و گەوهەری شەوچراو داری توباو شتانی عەجباتی ترئەکا، ڕێگای کێوی‌قاف نیشان ئەداوگەوهەری شوچراو داری توبا واتا: وراوفە ئەکا و چریکەی (زاڵی زەری کورد)و سیمورغ و ڕۆستەمی کورد[1]) و (ئەسفەندیار) ئەگێڕێتەوەو لەوەرامی (باز) ەکەداکەچ بکا تا آسان

---

١ ـ مایەو دایەی پروردن ایران مهین    بود آئینِ مهابادی و ملكِ مادا
فخر تاریخ و تبار همەی ماست ز کُرد:    شیخ اشراق و نظامی دو تن لذاکرادا
خانِ زند، آنکە چنو مادرِ ایران کمزاد    رستم کُرد بُد اَمّا نەکە فَرُّخزادا.

←

Dr.Saleh Ebrahimi



بگاتەوە زێدونیشتمانی یەکەمین، ئەومرۆیە پێیٚ ئەڵێ:

ئەبێ وەکو خدری زیندە بڕوا سەرچاوەی ئاوی ژیان بدۆزێتەوە و مەلەی تیابکا تا لەبریندار بوونی تیروچە قوی بەلاٚو ویٚشومە ڕزگاربێ.

ئەم چریکە ئاماژە و دیاردی یە، بۆخواناسی و جیهانی مەعنەوی و نادیار و پەیاکردنی یارو ویاوەری راستینی کاروکردوەیە.

بەرانبەری ریسالەی: (فی حالَتِ الطِّفُولِیَّةِ) سورەوەردی لەکاتی منالیدا بۆفێربونی زانست و هونەر ئەکەوێتە دوای منالانی تروئە چێتە لایمامۆستا و لەبیابانا پیرێ نورانی ئەبینێ و ماوەیەک لای ئەوەخەریکی فێربونی ئەلف و بێتکە ئەبێ.

رۆژێک لەگەڵ نەناسیاوێکا ئەچێتەلای پیرودەس ئەکا بەگەرانەوەی کەشف و کەرامات و فێربونی عیرفان، پیرتورە ئەبێ و خۆون ئەکا، شێخی ئیشراق هەرچی بە دوی پیرا ئەگەرێ نای دۆزێتە وە. تا رۆژێ بە یارمەتی پیرێ تر لەخانە قایەکداڕە و پیرە؛ ئە دۆزێتەوەو ئەچێتە زیارەتی و داوای لێ بوردنی لێدەکاو ئەم دەرسە فێرئەبێ کە نابێ رازی خوایی لای ئەم و ئەو یالای نەناسیا و بدرکێندرێ.

لەدواییدا قسەلە بابەت چارەی نەخۆشی مەعنە وی ئەکرێ، پیر ڕێگای خواناسی بە پزیشکی نەخۆشی لەش‌ولار نیشان ئەدا، سەبارەت بە آفەرینشی جیهان و ئاکار و خوی مرۆڤانیو خواناسی ڕی و شوێنی دەروێشی بە تایبەت شایی و هەڵپەرکێ و ملبادان و سەر ڕاژاندن و جەزبە بون وهای هوگوتن و هەڵ سوڕو داسوڕی عیرفانی و دەوریشی،

← شەفیع کەدکەنی دنیای سوخەن ٢٩ ـ کتێبی کۆزانی فەرهەنگی زمانی کوردی ـ چاپی دوەم ٢٠٠١/٢/٣ ز ـ تاران ـ پەرەی ١١٧. ـ بە قەڵەمی (شەپۆل) دوکتور محەمەد صالح ئیبراهیمی. ـ قسەکانی ئایەتوللا، لاهوتی لەکۆنگرەی یادی نیزامی گەنجەوی چاپی زانکۆی تەوریز.

Dr.Saleh Ebrahimi



پرسیارگەلێ فرەکریا و وەلاٌم دریاوە (هاتەوە حەلقەی دەر هەرمەلەر یـاوە). زۆرێ لە رازی خواناسی بوناسیا وکریاوە و باش وەرام دریاوە.

گر عشق نـبودی و غـم عشـق نـبودی
چندین سخن نغز کە گفتی و شنودی...

ور بـاد نـبودی کـە سـر زلف ربـودی
رخسارۀ معشوق بە عاشق کـە نـمودی

گــر پـیشتر از مـرگ طـبیعی نـمردی
بر خور کـە بـهشت جـاودانـی بـردی

ور زانک درین شـغل قـدم نـفشردی
خاکت بـر سـر کـە خـویشتن آزردی

هــان تــا سـر رشتـە خـرد گـم نکـنی
خود را ز برای نیک و بـد گـم نکـنی

رهــرو تـوئی و راه تـوئی، مـنزل تـو
هشــدارکــە راه خــود گــم نکـنی

## مەلای جزیری و شێخی ئیشراق

مەلای جزیری لە قەسیدەی ٨۴ دالەم بابەتەوەیە کە فەرمویەتی: هەژار ئەلێ:

مە ب ئیشراقی سوئالەک ژلەبی غونچەگوشاکر

کو ب ئیلها می دسو ئالا مە جەوابە.

یان، گوٚ ب ئیلهامی دزانی دسوئالاتە جـەوابـە.

مانای وشە: ـ ئیشراق: تیشکدان، ئیشراقیون، ئەوکەسانەی سەر بە فەلسەفەی ئیشراقن کە بە خویان گوتوە ئیشراقی، فەلسەفەی ئیشراق لای وایە زانسـتی راست و دروست و بێ خەوش تەنیا لە رِیی دەرونی رِون و دلّی رِوناک پەیدا ئەبێ و هیچی ترنا، دا هێنەری ئەم فەلسەفە لە ئیسلامدا شێخ شەهابالدین سوهرەوەردی کوردە، کە سالّی ۵٨٧ کۆچـی مەلاگەل بەگژی دا هاتن و لای سولّتان سلاحالدّینی ئەیوبی بەکافریان لە قەلّەمداو دژو دوژمنانی صەلاحەدین بۆ لەکەدارکردنی سولّتانی کورد، وتویانە: صەلاحەدین فەرمانی

Dr.Saleh Ebrahimi



بە (مەلیک زاهیر)ی کوڕی خۆی دا، گرتی و کوشتی.

**نوکتە:** ئالبێر شاندۆر لە کتێبی صەلاحەدین ئەیوبی تەرجەمەی محەمەدی قازی چاپی ١٣٦٩ بلاوکی زەرین، تاران، دەنوسێ: یەکێ لەکورەکانی صەلاحەدین لە باوکی دەخوازێ ئیجازەی پێ بدا تابەدەسی خۆیی سەری چەن کەس لە مەسیحیان هەلکەنێ. کە لەو پەڕی دنیاوە هێرشیان بۆسەر موسولمانان هێناوە، ئەو لای وابو بەوکارە زیاتر شیاوی موسولمان بون پەیدا دەکا، بەلام سولتان صەلاحەدین، لەوەلاما پێی دەلێ: رۆلە گیان‌خوا پێی خۆش نیە، من بەوکارە ناشیاوە رازی‌بم. من قەت نامەوێ زاروکانم خوێن رشتنی خەلک بکەنە گالتە و گەپجاری خۆیان و خو بەوە بگرن، ئەویش خوێنی ئینسان گەلێ کەلە قەدر و قیمەتیان بێ ئاگان و تەنانەت لە هەل‌و مەرجێکدا کە هێشتانازانن جیاوازی موسولمان و ناموسولمان لە چی‌دایە. تۆ جوان بیرلەو قسانە بکەوە، خاوەنی ئاوەها وتەو بیرێ بە نرخ کە لە سەر ئەم نوکتە دوپاتەی کردوە، وەختێ کە لە قەدر و قیمەتیان بێ‌ئاگان زاتێوا ژیرو بیروردو مرۆدۆست چلون؟ بەخۆی ئیجازە دەدا زاروکانی دەس بۆکوشتی خەلک ببەن، جا چلۆن دەگونجێ دەستوری شەهیدکردنی زاتێ وەک شێخ شەهابەدین سوهرەوەردی فەیلەسوفی ئیشراقی دابێ، دیارە کەسانێ ئەوتۆمەتەیان بەیان کردوە یا نائاگان یا ویستویانە، ئەو خانەدانە گەورە کوردە لەکەدار بکەن، دیارە ئەو تۆمەت سازدەرانە دژی کورد و کوردستانن.

**ئیشراقییەکان کاریان بە قسەکردن نەبوە،** رازی دلیان دە خوێندەوە و بە تماشای بیچم و کەسم لە یەکتری ئەگەیشتن، ئیلهام: بیرخستنە دلەوە.

**پوختەی مانا:** ئێمە هەر لە رێێ دەرونەوە پرسیارێکمان لەو لێوەی کە هەمو خونچەی پێ دەپشکوتن ـ کرد، دەشمان زانی هەر لە رێێ دلیەوە دەزانێ کە وەرام بۆ

Dr.Saleh Ebrahimi



پرسیارەکە، هەر لە نێو پرسیارەکەدایە، ئەو دەزانێ من چیم دەوێ و دەشزانی کە مـن دەزانم ئەو ئاواتم بۆ پێک ناهێنێ‌یان بە خستنە دڵم، گـوتی: تۆ دەزانـی وەرام هـەر لە پرسیاری خوت‌دایە.

گوڵی باخان لە شـەرمی کـوڵمـە سـورە　　لە ڕوی ئەو پەلکی گوڵ ئەستورە زورە.

گوتم: مردم نەگـەیمە مـاچێ فـەرموی　　هــەزار بــم بــورە دورە ئــەو سـنورە

نەقڵ لە دیوانی مەلای جزیری بـە شـرح و راوەتـی لێکوکـە رووەرگێـرو شـاعیری ناوداری کورد، هەژار، پەرە ٤٣١، ٤٣٢ چـاپی سـاڵی ١٣٦١ی هـەتاوی. ـ ئـەم دو شیعرەش ئاماژەیە بۆ خواناسی و مەعنەوی

ازرق پوشان کـه بس فـراوان بـاشند　　صـوفی صـفتان مـیان ایشـان بـاشند

کایشان همه تن باشند از جان خالی　　و آنان چکنی تن که همه جان باشند

## سەرچاوەی حیکمەتی ئیشراق:

سورەوەردی، سودێ زۆری لە نوسراوەکانی حەلاج و (میشکاة الانوار)ی غـەزالی وەرگرتوەو هەروا لە فەلسەفەی مەششائی ئیسلامەتی بە تایبەت لە فەلسەفەی ئـیبنوسینا (کە هەندێ لەوانەشی داوەتە دواوە) وە لە فێرگەی فیثاغورس، ئەفلاتون، هیرمیس، وەر گرتووە ـزانایانی جیهانی ئیسلامەتی وتویانە: ئیدریس پێغەمبەر، یا نوخ (بە عیبری ئەنوخ) کە هەمان (هیرمیس) ە، هەروا شێخی ئیشراق لە حیکمەتی ماد وکورد و ئێرانی کەڵکی وەرگرتوە.

شێخی ئیشراق لەکتێبی (کلمة التّصوف)دا فەرمویەتی: (لە ناوکورد و ئێرانیدا تاقمێ هەبون کە بەراستی ڕێگانیشاندەرو حەکیمانێ زاف زانابون کە لە مەجوس: (موغەماد) نە ئەچون و دولینگانەیان بەو ڕێگایانەدا هەڵ نەئەهێنا یـەوەو ئێـمە حـیکمەتی نـورییەی شەریفەی ئەوانەمان کە چێژەو زەوقی ئەفلاتون و هی زانایانێ تر بەر لە وان لە پەراوەی

Dr.Saleh Ebrahimi



(حِكْمَةُالاشراق) دا وەر گرتووە و دوبارە زیندوم کردونەتەوە، دیارە لە کۆکـردنەوەو ساز دانی ئەم مەبەستانەدا هیچ زانایەک، وە پێش من نەکەوتوە.

شیخی ئیشراق لە (حِكْمَةُ الإشراق) دا نوسیویەتی ... قاعیدەو دەستورەکانی فەلسەفەی ئیشراق لە سەر نورو تاریکایی دانراون،کە ڕێبازی حیمەتەکانی،کورد وگەلی ئێران بوە، وەکو جاماسب، فەرشاد شور (فەرشو شتەر ـ بوزورگ میهر) و حەکیمانی تر بەر لەمانە بون.

بەڵام ئەشێ بزانین جیهانی شێخی ئیشراق، وەکو جیهانی ئیبنو عەرەبی جـیهانێکـی ئیسلامەتی و خواناسانە و عاریفانە بوە و تەواوی دڵ و دەرون و سەرتاپای گیان و لەشی هەر تیشک و نوری زاتی خوای بێ چون و تاقانەی لێباریوە، وجودی تەژی بوە لە تیریژو تیشک وگڕو نوری خوای بێ لفو بێچون.

سورەوەردی لەوتاری شەشم دا لە باسی تەبیعیاتی پەراوەی (مطارحاة) دا، لە بابەت گشت حیکمەتی ئاینی کۆنەوە، بێ پەردە قسەی خۆی دەربریوە، ئاخرین کە سـانێ لە تاقمی یونانییەکان کە باش لەو مەبەستانە ئاگا دارن ئەفلاتونەو ناودارانی تریش کـە لەو مەبەستانە کۆڵیونەتەوە و ناویان لە مێژودا ماوە تەوە (هیرمس)ە ـ ئاگاثدمون: شیث)ە ـ وە لە ناو پەهلەوییەکانیشدا (گولشاە)کەیومەرث ـ (گایومیرت)ە[1] ـ وە هەر وەها لە پیرەوانی ئەویش ئەفەریدون وکەی خەسرەو)ن.

**مێژوی فەلسەفە:** لە ڕوانگای سورەوەردی یەوە مێژوی فەلسەفە:

شێخی ئیشراق کە لە مێژوی فەلسەفە، ئەدوێ لای وایە حیکمەت یا حیکمەتی ئیلاهی لە لایەن خواوە دراوە بە ئیدریس پێغەمبەر یا هیرمیس، دیارە لە سەتەکانی (ناوین): ناوە

---

١ ـ لە بیرەوەری تەیمورە شەلە، لە زمانی سوری رابەری موغان نەقڵ کـراوە (کـیومرث) هـەڵەیـە و گایومێرت ـ ە ـ گایو: گەییو، کامڵ وتەواو، یانی مەردی گەییو کامڵ. (شەپۆڵ)

Dr.Saleh Ebrahimi



راستا لە خۆر هەڵاتەوە لە هەندێ فێرگە کـانی خۆر ئـاوادا، ئـیدریس پێـغەمبەریان بـە دامەزرێنەری فەلسەفە و زانیاری داناوە.

حیکمەت دوای ئەوە بووەتە دو شاخە، یەک لەوانە هاتە کوردستان و ئێران ئەوی تریشیان چووە میسر، لەوێشەوە چووە یونان و لە دوایشا چـووە نـاو ژیـاری جـیهانی ئیسلامەتی یەوە.

شێخی ئیشراق گرینگترین پێشینانی خوێ بە خواناسان و صوفی یەکان داناوە، نەک فەلاسفە.

لە بەشی ٥٥ ئیلاهیاتی کتێبی تەلویحات دا، خەونێک ئەگێرێتەوە کـە لەوا تـوشی نوسەری پەراوەی (ئەسولۆژیا: ئەثولوجیای) ئەرەستو ئەبێ: (دیارە ئـەم ئـەوەی بـەهی ئەرەستو زانیوە، ئەنا لە راستیا، هی فلوتینە) وەلێی ئەپرسی: کە ئایا مەشائییانێکی وەکـو فارابی و ئیبنوسینا بە فەیلە سوفی بەراستی لە ئیسلاما، دا ئەنرێن یـا، نـا، ئـەرەستوش لە وەڵامیدا و تویەتی: (یەک لە هەزاریش وا نییە) بەڵکو حوکەمای بەراسـتی (بسـتامی و توستەری) خوا ناس بون.

سورەوەردی فەرمویەتی: ئەم حیکمەتە گشـتیە جـهانی یـە، بـە هوێ بـا هوێ ئـەم زانـــایانەوە گوێـزراونـەتەوە ئـەم لاو لای جـیهان. (هـیرمیس ـ آگـاثدمون: (شـیث) ـ ئەسقلبیوس ـ فیثاغورس ـ ئەنباذ قلس ـ ئەفلاتون (ونوێ ئەفلاتونیان) ذوالنون میسری ـ ئەبو سەهلی توستەری شاکاهینانی ماد وکورد و ئێرانـی ـکـە یـمورس (گـایومێـرت) فەریدون ـکەیخە سرەو ـ ئەبو یەزید بستامی مەنسوری هەڵاج.)

شێخی ئیشراق سەبارەت بە بروای عیرفانی خوێ فەرمویەتی: زۆربەی بیرو رای من لە روێ ریازەت و رێنوێنی زەوق و چێژەوە بە دەس هاتوە، نەک لە روی هزرو ئەندێشەوە. سا چونکا لە رێگای عەیان و دیتنەوە، بە دەس هاتوە، نەک لە روی بورهان و بەڵگەوە، بە هیچ چێوە ختەو دردونگی یەک، لە ناو دڵ و دەرونم دەر ناچێ.

Dr.Saleh Ebrahimi



ڕێگای من ڕێگای هەمو ڕێرەوانی ڕێگای حەقّە و بە یارمەتی چێژە، گرێ کوێرەی مەبەستی زانستی دژوار و سەختم کردوتەوە، شێخی ئیشراق فەرمویەتی: پێشەوای زانست و حیکمەت: (ئەفلاتون)یش بەم ڕێگایەدا رویشتوە، کە من گرتومەتە بەر.

شێخی ئیشراق لای وایە: (ماهییەت) ئەسڵە و (وجود) ئیعتیباری و ئەقڵی یەو هەمو جیهان لە ماهییەت ساز دراوە و بە چار بەش ناو براوە، چونکا یا نور و روناکایی یە، یا تاریکایی یە، وە هەر یەکە لەم دوانەیا جەوهەرە، یا عەرەزە، نوری جەوهەری داگری نفوسە یا (بە قسەی خوێ نورگەلی ئەسفەهبودی) و لەروانگای ئەقڵ و ئاوەزگەلەوە پلە گەلێکیان هەس، کە بەرزترین یان (نورالانوار)ە ـ کە بە ناوی نوری موقە دەس، نوری داگر، نوری ئەعلا، نوری ئەعزەم و نوری تریش ناو ئەبرێن. مەنشەو مەبدەئی هەمو ئەم نورانە: (نورالانوار ی کامڵ)ە و لەو لای ئەو نورەوە شتێ ترنییە، کە وابو لە راستی دا هەر ئەو ڕوناکایی یە بێ پایانەیەکە لە آوێستادا ئاماژەی بۆ کراوەو بە (آهورا مەزدا) ناوی براوە. بە واتایێ تر: (نورالانوار، علّة العلل) و مەبدەئی هەموەو بە دیهێنەری جیهانەو هەمو شتێک لە پرشینگ دانەوەو ئیشراقی ئەون و نیازیشیان هەر بەوە. لە (نورالانوار) تەنیا یەک نوری موجەڕەد و ڕەبەن سەر راست لەو بەدی هاتوە.

سورەوەردی ئەم نورە: (یەکەمینەی) بە نوری ئەقرەب و نوری گەورە: (بەهمەن) ناو بردوە، لە نوری ئەقرەب یەک فەلەک کە (فلک الافلاک) ە و لە نوری موجەرەدی دوەم بەدی هاتوە و لەم نورەش نور و فەلەکێ تر بە دی هاتوە، جاهەر بەم جۆرە تا نوری نۆهەم و فەلەکی نۆیەم کە ئاخرین فەلەکە، ئەم ئاخ و زەوینەی گرتوتە باوەش. نوری ئەم فەلەکەش لە ناو دڵ و دەرون و مێشکی مرۆڤدا تیشک و شەوقی داوەتەوەو ئیدراکی مەعقولاتی بۆ ئینسان ئاسان کردوە. ئەم تیشک و نورە کە، لەگەڵ سەر چاوەو سەرەتای گشت ئەمانەیەکە نورالانوارە، هەر ئەوەیەکە فارابی و بوعەلی سینا